# راپــۆرتــی

## ڕەوشــی کــرێــکــاران لــەعــێــراق و هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠٢٣ـدا


رێکخراوی ئاشتی وئازادی

## دەربارەی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی:

ڕێکخـراوی ئاشـتی و ئـازادی ڕێکخراوێکـی نـا حکومـی قازانـج نەویسـتە کـە لـە عێراق و هەرێمــی کوردســتان کاردەکات بــۆ پاراســتنی مــاف و ئازادیــەکان بــۆ دڵنیابــوون لـە پێکـەوە ژیانـی ئاشـتیانە لـە ڕێـگای بەهێزکردنـی متمانـە و هـاوکاری لـە نێـوان پێکهاتـە جیاوازەکانـی کۆمەڵـگا و پاڵپشـتیکردنی و گەشـەپێدانی بـۆ مسـۆگەرکردنی مـاف، ئـازادی، دادی کۆمەڵایەتـی بەپێـی پێـوەرە نێودەوڵەتیـەکان.

## خشتەی ناوەڕۆك


| بابەتەکان | لایەڕە |
|---|---|
| **بەشی یەکەم: ڕەوشی مافەکانی کرێکارانی ناوخۆیی لە عێراق و هەرێمی کوردستان** | **٤ - ١٣** |
| دۆخی مافی کرێکاران لە عێراق و هەرێمی کوردستان | ٥ |
| دەستەبەری کۆمەڵایەتی | ٥ |
| سەندیکاکانی کرێکاران | ٧ |
| بارودۆخی کارکردنی ناجێگیر | ٩ |
| گەنجان و ئافرەتان | ١٠ |
| سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی | ١١ |
| گۆرانی کەش و هەوا و کرێکاری کەرتی کشتوکاڵ | ١١ |
| ئەنجام وراسیاردەکان | ١٢ |
| | |
| **بەشی دووەم: ڕەوشی کرێکاری بیانی لە هەرێمی کوردستان** | **١٣ - ٢٦** |
| پێشەکی | ١٦ |
| چوارچێوەی یاسایی | ١٧ |
| ژینگەی جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنماییەکان | ١٩ |
| میکانیزمەکانی هاتن و گەڕانەوەی کرێکارانی بیانی | ٢٠ |
| پێشێلکاریەکان و میکانیزمەکانی ڕیپۆرتکردنی پێشێلکاریەکان | ٢١ |
| ئازادی کاری ڕێکخراوەیی و سەندیکایی بۆ کرێکارانی بیانی | ٢٣ |
| کرێکارانی بیانی و بازاڕی کار | ٢٤ |
| وێنەی گشتی و بەرهەمهێنانی مەعریفەی تایبەت بە کرێکارانی بیانی | ٢٥ |
| ڕاسیاردەکان | ٢٦ |

# بەشی یەکەم:
# رەوشی مافەکانی کرێکارانی ناوخۆیی لە عێراق و هەرێمی کوردستان

## دۆخی مافی کرێکاران لە عێراق و هەرێمی کوردستان

بە پێی راپۆرتی ساڵانەی پێوەرەکانی مافە جیهانیەکان کە ساڵانە لە لایەن یەکێتی نێودەوڵەتی سەندیکاکانی کرێکاران دەردەکرێت و هەڵسەنگاندنێکی گشتگیر بۆ دۆخی مافەکانی کرێکاران لە ئاستی جیهانیدا دەخاتە ڕوو. راپۆرتی ٢٠٢٣ تیشک دەخاتە سەر ئەو ئاستەنگ و پێشێلکاریانەی کە کرێکاران لە سەرانسەری جیهاندا ڕووبەڕووی دەبنەوە بە پێی وەڵاتان پلەبەندی دەکرێت. لە راپۆرتەکەدا نیگەرانیەکی قووڵ لە زیادبوونی پێشێلکردن و ڕەتکردنەوەی مافە بنەڕەتییەکانی کرێکاران ئاشکرا دەکات ، لەوانەش مافی مانگرتن، پێکهێنانی سەندیکا و بەشداریکردن لە دانوسانی بەکۆمەڵ. شیکارییەکە ١٤٩ وڵات دەگرێتەوە و لەسەر بنەمای ستانداردە یاساییە نێودەوڵەتییەکانی مافە بنەڕەتییەکان لە شوێنی کاردا دامەزراوە. دۆزینەوەکانی ڕاپۆرتەکە گرینگن بۆ تێگەیشتن لە دیمەنی ئێستای مافەکانی کرێکاران. هەروەها ئامرازێکە لە ڕێنماییکردنی دارشتنی سیاسەت و داکۆکیکردن و هەنگاوە کردەییەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە جیهانییە کە رووی لە زیادبوونە. بەگوێرەی ئەم ڕاپۆرتە عێراق لە پلەی سییەمدایە لەنێو ئەو وڵاتانەی جیهان کە زۆرترین مافی کرێکاران پێشێل دەکەن، لە کۆی ١٤٩ وڵات. هەمان پێگەی خۆی پاراستووە کە ساڵی ڕابردوو لە ساڵی ٢٠٢٢ تۆمارکرابوو، لەکاتێکدا لە جیهانی عەرەبیدا پلەی دەیەمی بەدەستهێناوە. پێوەرەکە خاڵەکانی لە ١ بۆ ٥+ بۆ وڵاتان دەدات. وڵاتێک تا زیاتر مافی کرێکاران پێشێل بکات، نمرەکەی بەرزتر دەبێتەوە. بۆ نموونە ئەفغانستان لە پێشێلکردنی مافی کرێکاران پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە و نمرەکەی (٥+) بووە، لە کاتێکدا عێراق نمرەی ٥ی بەدەستهێناوە.

لە رووی چوارچێوەی یاسایی لە عێراق یاسای کار ژمارە ٣٧ی ساڵی ٢٠١٥ و یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی ژمارە ١٨ی ساڵی ٢٠٢٣ جێبەجێدەکات لە رێکخستنی کارکردن لە کەرتی تایبەت و دابینکردنی مافەکانی کرێکاران. ئەم یاسایانە تا ڕادەیەک ڕەنگدانەوەی ستاندارد و واقیعی هاوچەرخی بازاڕی کارن، بەڵام تا چەند بە شێوەیەکی کاریگەر جێبەجێ دەکرێن، هێشتا بابەتێکە بۆ گفتوگۆکردن. هەرێمی کوردستان بەردەوامە لە بەکارهێنانی یاسای کار ژمارە ٧١ ساڵی ١٩٨٧، بەڵام یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتییەکەی لە ساڵی ٢٠١٢ بە یاسای ژمارە ٤ هەموارکراوەتەوە ، هەرچەندە ئەم یاسایە تا نەیتوانیوە میکانیزمێک بۆ سودمەندبوونی مافی خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کەرتی کارە نارێکخراوەکان دیاری بکات. بۆیە پێداویستیەکی هەنووکەییە هەردوو یاساکە هەموار بکرێتەوە. سەرەڕای ئەوەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە سەرەتای مانگی ئازاری ٢٠٢٣ یاسایەکی نوێی کاری دەرکرد، بەڵام دوای هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لەلایەن دادگای فیدراڵی عێراقەوە، جێبەجێکردنی یاساییەکە ڕاگیرا.

ئەم ڕاپۆرتە ڕۆشنایی دەخاتە سەر لایەنە جیاوازەکان سەبارەت بە مافەکانی کار لە چوارچێوەی یاسایی کار و یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە عێراق و کوردستان، هەڵسەنگاندن بۆ دۆخی مافەکانی کرێکاران دەکات. بە لەبەرچاوگرتنی ئاڵۆزی و هەمەچەشنی مافەکانی کرێکاران، راپۆرتەکە ئامانجی هەڵسەنگاندنێکی گشتگیر و بەرفراوان نییە بۆ بارودۆخی گشتیی مافرکانی کرێکاران. بەڵکو سەرنج دەخاتە سەر هەندێک کەیسی تۆمارکراوە بۆ دروستکردنی تێگەیشتنێک دەربارەی دۆخی ژیانی کرێکاران. ئەو زانیاریانەی لە ڕاپۆرتەکەدا خراوەتەڕوو، یان لە ڕێگەی هەوڵی ڕاستەوخۆی تیمی چاودێری مافی کرێکارانی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی خۆیەوە بە درێژایی ساڵی ٢٠٢٣ بەدەستهاتوون، یان لە کەناڵە پەیوەندیدارەکانی دیکەوە کۆکراونەتەوە. لە کۆتاییدا ڕاپۆرتەکە کۆمەڵێک پێشنیار بۆ لایەنە پەیوەندییەکان پێشنیار دەکات بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی دەستبەرکردنی مافەکانی کرێکاران.

## دەستەبەری کۆمەڵایەتی

مافەکانی کرێکارانی عێراق، وەک کازم ئەلعەزاوی و عەبدولڕەزاق مەشهەدانی ئاماژەی پێدەکەن ، یەکێکە لەو کێشانەی لەگەڵ ئەوەی ئاسان پێشێل دەکرێت بەڵام بایەخی پێویستی پێ نادرێت. کرێکاران ڕووبەڕووی چەندین تەحەدا دەبنەوە لەوانە مامەڵەی خراپ، هەڵاواردن، هەڕەشەی دەرکردن لە کار ، و لاوازی بەرچاوی کاریگەری سەندیکاکان بەهۆی هۆکارە سیاسی و حزبییەکانەوە. کەمی ڕۆڵی سەندیکاکانی کرێکاران وایکردووە کرێکاران بێبەش بن لە ئامرازێکی بەهێزی داکۆکیکردن بۆ باشترکردنی بارودۆخی کارکردنیان. لەگەڵ زیادبوونی ئەم نیگەرانیانە، ئەلمەشهەدانی، کارمەندی کۆمپانیای گشتی بۆ بەرهەمهێنانی

شووشـە، ئاماژە بـە پرسـی جـددی ئاسایشـی کۆمەڵایەتـی دەکات. کرێکارانـی بەتەمـەن، یـان ئەوانـەی لـە شـوێنی کارەکـەدا برینـدار دەبـن، خۆیـان لـە دەرەوەی هەمـوو دەسـتەبەرییەکانی سـەلامەتی یـان مافێـک دەبیننـەوە بـۆ پشـتگیریکردنیان دوای ئـەوەی توانـای کارکردنیـان لەدەسـتداوە. نەبوونـی ئـەم پشـتیوانییە درێژدەبێتـەوە بـۆ نەبوونـی مافـی خانەنشـینی، وەک کەمـاڵ حەمیـد، کرێـکاری کەرتـی تایبـەت ئامـاژەی پێکـردووە. سـەرەڕای سـاڵانی درێژخایـەن لـە خزمەتکـردن، زۆرجـار کۆمپانیـاکان خۆیـان لـە تۆمارکردنـی کارمەندەکانیـان لـە سـندوقی دسـتەبەری کۆمەڵایەتیـدا بـەدوور دەگـرن، ئەمـەش لـە مافێکـی بنەڕەتـی داهاتـوو بێبەشـیان دەکات. حەمیـد زیاتـر ڕوونـی دەکاتـەوە کـە کرێـکاران خۆیـان دوودڵـن لـە نـاو تۆمارکـردن بـۆ دەسـتەبەری کۆمەڵایەتـی، بەهـۆی ئـەو لێبڕینـەی لـە موچەکانیـان دەکرێـت و کەمـی کـرێ و بارودۆخـی ئابووریيانـەوە بـاری سەرشـانیان قورسـتر دەکات. ئەمـەش ئاماژەیـە بـۆ شکسـتێکی سیسـتماتیکی دەکات لـە دابینکردنـی پاراسـتنی سـەرەتایی کرێـکاران، هەروەهـا تیشـک دەخاتـە سـەر پێویسـتی چاکسـازیی بەپەلـە بـۆ دەسـتەبەرکردنی خۆشـگوزەرانی و مافەکانـی کرێکارانـی عێـراق، بەتایبەتـی لـەڕووی ئاسایشـی کۆمەڵایەتـی و مافـی خانەنشـینییەوە.

یاسـای نوێـی خانەنشـینی و دەسـتەبەری کۆمەڵایەتـی لـە عێـراق ژمـارە (١٨) لـە سـاڵی ٢٠٢٣ بـۆ کرێکارانـی کەرتـی تایبـەت بـە هەنگاوێکـی کاریگـەر بـۆ بەرزکردنـەوەی بـاری ژیانـی کرێـکاران دادەنرێـت. یاسـاکە بـە شـێوەیەکی بەرچـاو مافـی دەسـتەبەری کۆمەڵایەتـی بـۆ گروپـە کۆمەڵایەتییـە جیـاوازەکان لـە کەرتـی تایبەتـدا فراوانـتر دەکات، لەوانـە کرێکارانـی ڕێکخـراو و ناڕێکخـراو وەک خـاوەن تاکسـی، دروومـان، و خـاوەن بازرگانـی مۆبایـل، کـە سـوودمەند دەبـن لـە یاسـاکە بـە مەرجێـک بەشـدارییەکانی خانەنشـینی کـە دەکەوێتـە ئەسـتۆی خۆیـان بـدەن. ئـەم یاسایە کـە لـە چوارچێـوەی چاکسـازییە ئابوورییەکانـی حکومەتـدا دەرچـووە، ڕووماڵێکـی فـراوان و مامەڵـەی یەکسـان بـۆ هەمـوو کرێـکاران مسـۆگەر دەکات، بـە گرنگیدانێکـی تایبـەت بـە کەرتـە ناڕێکخـراوەکان و یەکسـانی جێنـدەری. تایبەتمەندییـە سـەرەکییەکان بریتیـن لـە پشـتگیری دەوڵـەت بـە ڕێـژەی ٪٨ بـۆ کرێـی کەرتـی ڕێکخـراو، ٪١٥ بـۆ کرێـی کەرتـی ناڕێکخـراو، بڕگەکانـی خانەنشـینی ئیختیـاری، و لەخۆگرتنـی چاودێـری تەندروسـتی بـۆ خانەنشـینەکان.یەکێک لـە توخمـە سـەرەکییەکانی ئـەم یاسایە فراوانکردنـی یارمەتییەکانـی ئاسایشـی کۆمەڵایەتییـە بـۆ ئـەوەی زۆرتریـن ژمـارەی کارمەنـدان بگرێتـەوە، ئەوانـەش کـە لـە دەرەوەی کەرتـی فەرمـی کاردەکـەن، وەک لـە مـاددەی ٦٩دا هاتووە.بـە پێـێ ئـەم یاسایە گەنجینـەی گشـتی ٪١٥ بەشـداری بـکات بـۆ بەشـداریکردنی ئەوانـەی لـە کەرتـی نافەرمـی کاردەکـەن یـان خۆبەخشـن، لەکاتێکـدا بەرپرسـیارێتی بەشـداربوو تەنهـا ٪٥ سـنووردارە، وەک لـە مـاددەی ٧١دا وردەکارییەکانـی هاتـووە. جگـە لـەوەش، مـاددەی ٢٩ سـاڵی خزمـەت بـۆ شایسـتەیی مووچـەی خانەنشـینی بـۆ کەسـانی بیمەکـراو دیـاری دەکات: پیاوانـی تەمـەن ٦٣ سـاڵ کـە ١٥+ سـاڵ خزمەتیـان کـردووە، یـان ٦٠ سـاڵان بـە ٢٠+ سـاڵ، یـان ٥٠ سـاڵان لەگـەڵ ٣٠+ سـاڵ؛ ژنـان لـە تەمەنـی ٥٨ سـاڵیدا لەگـەڵ ١٥+ سـاڵ، ٥٥ سـاڵ لەگـەڵ ٢٠+ سـاڵ، یـان ٥٠ سـاڵ لەگـەڵ ٢٥+ سـاڵ. سـەرەڕای ئـەوەش، ئەوانـەی بەپێـی مـاددەی ٢٩ دەگەنـە تەمەنـی خانەنشـینی کـە سـاڵی پێویسـتیان نیـە بـۆ شایسـتەی موچـەی خانەنشـینی دەتوانـن تـا ٥ سـاڵ خزمـەت بکـرن، بـەڵام دەبێـت هـەم پشـکی خۆیـان و هـەم بەشـداریی خاوەنکارەکـەی ٪١٧ دەدەن، بـە پشتبەسـتن بـە تێکـڕای مووچەکانیـان لـە مـاوەی پێنـج سـاڵی ڕابـردوودا، بـە مەرجێـک لـە لانیکەمـی کەمتریـن مووچـە کەمـتر نەبێـت .

بـەڵام بەشـێک لـە چاودێـران ڕەخنـە لـە ناڕوونـی یاسـاکە دەگـرن و گومـان لـە جێبەجێکردنەکـەی دەکـەن، فیدراسـیۆنی ئەنجومـەن و سـەندیکاکانی کرێـکاران لـە عێـراق (FWCUI) بـە فەرمـی ڕەتکردنـەوەی یاسـاکەیان ڕاگەیانـدووە، بەبـێ گوێدانـە پەسـەندکردنی پەرلەمـان. فیدراسـیۆن دژایەتـی هـەر یاسایەک دەکات کـە لەلایـەن پەرلەمانـەوە پەسـەند بکرێـت کـە بەشـداری چالاکانـەی نوێنەرانـی کرێـکاران بـۆ دەسـتەبەرکردنی پاراسـتنی مافەکانیـان لەخـۆ نەگرێـت. هەندێکـی تـر بـە هەنگاوێکـی بەرچـاوی دەزانـن بـۆ پاراسـتنی مافـی نزیکـەی ١٥ ملیـۆن کرێـکار کـە لـە ئێسـتادا زۆربەیـان لـە دەرەوەی سیسـتەمی دەسـتەبەری کۆمەڵایەتیـن. سـەرۆکی فیدراسـیۆنی گشـتی سـەندیکای کرێکارانـی عێـراق، سـتار دێنبـۆس، ئامـاژەی بـە جیاوازیـی نێـوان ژمـارەی زۆری کرێـکاران لـە عێـراق (مەزەنـدە دەکرێـت بـە ١٥ ملیـۆن) لەگـەڵ ئـەو ژمـارە کەمـە (٦٥٠ هـەزار) کـە بەپێـی یاسـای دەسـتەبەری کۆمەڵایەتـی تۆمارکـراون. ٪٩٠ی فەرمانبەرانـی کەرتـی تایبـەت دەسـتەبەری کۆمەڵایەتییـان نییـە. فیدراسـیۆنی سـەندیکاکان ئامـاژە بـەوە دەکـەن خـاوەن کۆمپانیـا تایبەتـەکان یـان خۆیـان دەدزنـەوە لـە تۆمارکردنـی کارمەندەکانیـان یـان تەنهـا بەشـێک لـە کارمەندەکانیـا لـە دەسـتەبەری کۆمەڵایەتـی تۆمـار دەکـەن. ئـەم کارە زۆرجـار بـۆ دوورکەوتنەوەیـە لـە پابەندبوونـی بـەو بـڕە پارەیـەی کـە بـۆ دسـتەبەری کارمەندەکانیـان دەبێـت بیـدەن بـە قندوقـی خانەنشـینی. کەرتـی ناڕێکخـراو کـە بەشـێکی گـەورەی چینـی کرێـکار پێکدەهێنێـت لەوانـەش ئـەو کەسـانەی خۆیـان خاوەنـکاری خۆیانـن یـان کرێکارانـی ڕۆژانـە، بەدەسـت نەبوونـی مافـی دەسـتەبەری کۆمەڵایەتیـەوە دەناڵێنـن. هـۆکاری ئەمـەش بـە پلـەی سـەرەکی دەگەڕێتـەوە بـۆ چاودێریکردنـی حکومـەت لەسـەر کەرتـی تایبـەت.

بـە پشتبەسـتن بـە ئامارەکانـی ئـەم دواییـەی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، لـە کوردسـتان ١٤٤ هـەزار و ٩٣٠ کرێـکار لـە بـواری

دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا ناویان تۆمارکراوە. بەڵام تا ئێستا ڕێژەی وردی ئەم کرێکارانە لە پێوەندی لەگەڵ کۆی ژمارەی کرێکاران و فەرمانبەرانی کەرتی تایبەتدا نادیارە، چونکە کۆی قەبارەی هێزی کار لە کەرتی تایبەتدا بە ڕوونی دیاری نەکراوە. ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم ژمارەیە بەردەوام نوێ دەکرێتەوە بەڵام حساب بۆ ئەو کرێکارانە ناکات کە یان گرێبەستەکانیان هەڵوەشاوەتەوە یان کارەکانیان دەگۆڕن. لە کاتێکدا کە دۆخی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران لە هەرێمی کوردستان لەبارتر دەردەکەوێت، وەک بەڕێوەبەری گشتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە هەرێمدا، باس لەوە دەکرێت کە ٣٠٪ی کرێکاران دەستەبەرکراون. بەڵام ئەم ژمارەیە لە ڕێگەی ئاماری وردەوە پشتڕاستکردنەوەیەکی نییە، بەتایبەتی سەبارەت بە ژمارەی کرێکارانی کەرتی تایبەت. سەرەڕای ئەوەش، هیچ ڕێنمای یان بڕیارێکی دامەزراو بۆ کرێکارانی ڕۆژانە و کەرتی نافەرمی و ناریکخراو نییە. بەڕێوەبەری گشتی باسی لەوە کرد کە بە هاوکاری ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار دەکەن بۆ داڕشتنی ستراتیژێک بۆ چارەسەرکردنی ئەم بابەتە.

## سەندیکاکانی کرێکاران

بە پێی یاسای کار لە عێراق چەمکی فرە سەندیکاگەرایی چەسپاوە ، کە ڕێگە بە بوونی زیاتر لە سەندیکایەکی کرێکاران دەدات کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندی کرێکاران دەکەن لە مامەڵەکردن لەگەڵ دامەزراوە فەرمییەکان. بەپێی ئەم بنەمایە، لە هەر دۆخێکدا کە پێویستی بە نوێنەرایەتی کرێکاران هەبێت، ئەو سەندیکایەی زۆرترین ژمارەی نوێنەری کرێکارانی تێدایە، دانپێدانراوە. بەڵام ئەم بنەمایە لەگەڵ یاسای ڕێکخستنی سەندیکای کرێکاری ژمارە ٥٢ی ساڵی ١٩٨٧ کە لەسەر بیرۆکەی تاک سەندیکا دامەزراوە، ناگونجێت. لە ساڵی ٢٠١٧ عێراق بە فەرمی ڕێککەوتننامەی ئازادی کاری سەندیکایی و پاراستنی مافی ڕێکخستن ژمارە ٨٧ی ساڵی ١٩٤٨ی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی پەسەند کرد، لە ڕێگەی یاسای ژمارە ٨٧. بەپێی مادەی ١١ی ئەم یاسایە عێراق پابەندە بە جێبەجێکردنی هەموو پێویستی و هەنگاوی کردەیی گونجاو بۆ گەرەنتیکردنی مافی هەردوو  لایەنی کرێکار و خاوەنکار کە دەتوانن بە ئازادی مافی خۆیان بەکاربهێنن بۆ دامەزراندنی سەندیکا و ڕێکخراوی تایبەتمەند بە خۆیان. چاوەڕوان دەکرا ئەم یاسایە بناغەیەک بۆ پەرەپێدان و دەرکردنی یاسایەک سەبارەت بە ماف و ئازادییەکانی سەندیکاکان دابنێت. دوایین هەنگاو لەم پێشکەوتنەدا، لە ڕێکەوتی ٣ و ١٠ی ئابدا، فیدراسیۆنی گشتی کرێکارانی عێراق (GFIW) کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە وەک تاکە سەندیکای نوێنەرایەتی ناسێندرا لە غیابی یاسایەک کە پشتگیری لە بنەمای فرە سەندیکا بکات، دوو کۆبوونەوەی بۆ ئەندامان ئەنجامدا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ڕەشنووسی یاسای ئازادی کاری سەندیکای لە عێراق. هەروەها لە ١٥ی ئەیلولی ٢٠٢٣، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار لە هەولێر لەگەڵ نوێنەرانی سەندیکاکان کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا بۆ تاوتوێکردنی یاسای پێشنیارکراوی ڕێکخستنی کارەکانی سەندیکاکان لە عێراق. لە ١٦ی ئابی ٢٠٢٣، لیژنەی ڕێکخراوەکانی کار و کۆمەڵگەی مەدەنی بە سەرۆکایەتیی نوێنەری ناهیدە ئەلداینی و بە هاوبەشی چەند ئەندامێکی، لەگەڵ شاندێکی کۆنفرانسی فیدراسیۆن و سەندیکاکانی کرێکارانی عێراق (CIFWU) کۆبووەوە. لەم کۆبوونەوەیە تیشک خرایە سەر تاوتوێکردنی یاسای پێشنیارکراوی ڕێکخراوەکانی سەندیکای کرێکاران بۆ کرێکاران و فەرمانبەران لە عێراق، بە پێی ڕاگەیەندراوی کۆبوونەوەکە ئامانجی هاوتەریبکردنی عێراق بوو لەگەڵ ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی ئازادی کاری سەندیکاکان.

لە عێراقدا بزووتنەوەی سەندیکاکان بەسەر دوو گرووپی سەرەکیدا دابەش بووە. گرووپی یەکەم، کۆنفرانسی فیدراسیۆن و سەندیکاکانی کرێکارانی عێراق (CIFWU)، بە پێی ئامانجی ڕاگەیەندراوی خۆیان ئەم چوارچێوەتە جەخت لە سەر چەسپاندنی هەوڵەکانی بزووتنەوەی سەندیکای کرێکارانی عێراق دەدات و بە پابەندبوون بە ئازادی و سەربەخۆیی و دیموکراسی و پیشەگەرییەوە کاردەکات.

### حەوت سەندیکا و فیدراسیۆنی سەرەکی عێراق لەخۆدەگرێت  کە بریتین لە:

١. فیدراسیۆنی گشتی سەندیکای کرێکارانی عێراق (GFITU)

٢. فیدراسیۆنی سەندیکای بازرگانی و پیشەیی سەربەخۆ لە عێراق (FITPUI)

٣. فیدراسیۆنی گشتی سەندیکاکانی کرێکاران لە عێراق (GFWUI)

٤. فیدراسیۆنی یەکێتی نەوتی عێراق (IFOU)

٥. یەکێتی پیشەی ئەندازیاری تەکنیکی (UTEP)

٦. فیدراسیۆنی ئەنجومەن و سەندیکاکانی کرێکاران لە عێراق (FWCUI)

٧. فیدراسیۆنی نیشتمانی ناوەندی سەندیکای کرێکارانی عێراق (CNFITU)

لایەنێکی تری سەندیکاکانی کرێکاران لە عێراق بریتیە لە فیدراسیۆنی گشتی کرێکارانی عێراق (GFIW)ە، کە پێگەیەکی تایبەتی هەیە و تاکە سەندیکایە کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دانپێدانراوە. لە چەندین ڕووەوە هەڵوێستی GFIW سەبارەت بە پرسەکانی کرێکاران لە هەڵوێستی سەندیکاکانی دیکە جیاوازە. لە کاتێکدا کە پرەنسیپێکی پراکتیکی فرە سەندیکا لە عێراقدا هەیە، بەڵام هیچ چوارچێوەیەکی یاسایی  نییە بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی ئەم یەکێتییە جۆراوجۆرانە. بۆچوونی جیاواز لەم دوو بەرەیەدا هۆکارێک بووە بۆ دواخستنی پەسەندکردنی یاسایەک سەبارەت بە ڕێکخستنی سەندیکاکان. پەیوەندی و هاوکاری کاریگەر لە نێوان هەردوولا بۆ چارەسەرکردنی هاوبەشی کێشەکانی کرێکاران کەم بووە. بە پێچەوانەوە هەندێک جار یەکتر بە شتی جۆراوجۆر تۆمەتبار دەکەن، وەک لە بەیاننامەکەدا کە لەلایەن GFIW لە ٣ی تشرینی یەکەمدا بڵاوکرایەوە، CIFWU بە شێوەیەکی نایاسایی کاردەکات و پێشینەی تاوانکاری هەیە. وا دیارە GFIW پشتگیری لە سیاسەتەکانی حکومەت دەکات و CIFWU هەڵوێستێک لە دژی ئەم سیاسەتانەی حکومەت دەگرێتەبەر. ئەم جەمسەرگیری کاریگەری نەرێنی لەسەر بەرژەوەندی کرێکاران دەبێت.

نەبوونی کاریگەری سەندیکا کرێکارییەکانی عێراق لەسەر نایەکسانی و سیاسەتی ئابووری دەوڵەت جێگای سەرنجە. بەگشتی ئەرکێکی گرینگی سەندیکاکان بریتییە لە کۆکردنەوەی ڕای گشتی، بەتایبەتی لەنێو کرێکاران، بۆ پیشاندانی نارەزایەتی دژی سیاسەتە ئابوورییەکانی دەوڵەت کە کاریگەری خراپ لەسەر چینی کرێکار هەبێت، تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا هەڵوێستی سەندیکاکان ئەگەری هەیە کاریگەری لەسەر دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان هەبێت. وەک وێناکردنێک بۆ ئەرکی سەندیکاکان لەم ڕووەوە، ئێمە سوودمان لە سۆشیال میدیای سەندیکاکان وەرگرتووە، سەندیکاکان ئامادەیی سنوورداریان لە پلاتفۆرمی سۆشیال میدیادا هەیە. لە سەردەمێکدا کە سۆشیال میدیا وەک سەکۆیەکی زانیاری باو و دەستڕاگەیشتوو کاردەکات، سەندیکاکان بە شێوەیەکی بەرچاو لەم کەناڵانەدا ئامادە نین، سەرەڕای ئەوەی دەتوانن پەیامەکانیان بە جەماوەرێکی بەرفراوان بگەیەنن.

پێویستە بگوترێ فیدراسیۆنی گشتی کرێکارانی عێراق لەڕووی بوونی سۆشیال میدیاوە وەک چالاکترین سەندیکای کرێکاران لە عێراقدا دەردەکەوێت، کە ژمارەیەکی بەرچاو پۆستیان لە ساڵی ٢٠٢٣دا تۆمارکردووە، زیاتر لە ٩٠٪ی پۆستەکانیان لەسەر ڕاپۆرتکردنی سەردانە فەرمییەکانە ، هەروەها ڕێکخستن یان بەشداریکردن لە چالاکییە جۆراوجۆرەکاندا. لە ساڵی ٢٠٢٣، CIFWU کە وەک ڕێکخراوێکی چەتر بۆ حەوت سەندیکا کاردەکات، تەنها سێ پۆستی لە پەیجی فەیسبووکەکەیدا کردووە بە درێژایی ساڵ , GFWUI و IFOU هیچ لاپەڕەیەکیان لە پلاتفۆرمی سۆشیال میدیادا نییە. تەنها یەکێک لە شەش پۆستەکەی FITPUI لە ساڵی ٢٠٢٣دا باس لە پرسێکی ڕاستەقینە دەکات کە کرێکاران ڕووبەڕووی دەبنەوە. CNFITU و UTEP بە ٣٠ و ٣٦ جار لە پەیجەکانیان لە فەیسبووکدا پۆستیان کردووە، بەڵام زۆربەی ئەم پۆستانە لەسەر سەردان و بەشداریکردنی فەرمی جەخت دەکەنەوە، کە تەنیا بەشێکی کەمیان باس لە ناڕەزایەتییەکانی کرێکاران دەکەن. لەساڵی ٢٠٢٣ دا GFITU ٢٠پۆستی کردووە، بەشێوەیەکی سەرەکی تیشکی خستۆتە سەر ڕۆژ و بۆنە نێودەوڵەتییەکان، لەگەڵ هەندێک بابەتی تایبەت بە عێراق، وەک مامەڵەی ناڕەوا لەگەڵ کرێکارێکی سەندیکا لە وەزارەتی پیشەسازی و کانزاکان، مەترسیی بە تایبەتکردن یان هەڵوەشاندنەوەی کۆمپانیا دەوڵەتییەکان و فرۆشتنیان  و پشتگیریکردن لە مافە بنەڕەتییەکانی کرێکارانی خانەنشین و ئازادیی سەندیکایی لە ڕۆژی جیهانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، ڕۆژی جیهانی ژنان، ڕۆژی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و ڕۆژی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی کرێکارانی کۆچبەردا. لە ساڵی ٢٠٢٣دا، وەک چالاکترین یەکێتی سەندیکایی لە نێوان ئەندامانی CIFWU، FWCUI ٦٤ جار پۆستی کردووە، کە زۆرینەیان لەسەر پرسەکانی کار بووە. بەشێوەیەکی بەرچاو چەندین خۆپیشاندانی پەیوەست بە کاری لە عێراقدا ڕوومال کردوە، وەک مانگرتنی ٢٥٠ کرێکاری کۆمپانیای بەرهەمهێنانی ئاسنی پتەوکراوی بی سی لە کەرکوک لە ٢٣ی کانوونی دووەم، ناڕەزایەتیی کرێکارانی پاڵاوگە و نەوت لە بەسرە لە ٦ی تەممووز، خۆپیشاندانی کارمەندانی کۆمپانیای دابەشکردنی بەرهەمە نەوتییەکان لە ڕێکەوتی ٢٩ی ئایار دژی مادەی ٤٢ی ڕەشنووسی بودجە، هەروەها ناڕەزایەتی جووتیارانی ناحیەی ئەلنەشوەی بەسرە لە ٢٨ی ئایار دژی پرۆژەی دیزاینکردنەوەی قەزاکە. یەکێک لەو نیگەرانیانەی کە FWCUI لە مانگی نیسانی ٢٠٢٣دا بە شێوەیەکی بەرفراوان تیشکی خستۆ سەر، ستراتیژی فرۆشتنی سەروەت و سامانی کۆمپانیاکانی کەرتی گشتی و دەرکردنی کرێکارەکانیان بووە، ئەمەش وەک بەشێک لە سیاسەتە ئابوورییەکانی حکومەتی عێراق. ئەم سیاسەتانە کە زۆرجار لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا خۆیان دەگۆردرێن،سەرنجیان لە خستنە خزمەتی سەروەت و سامانی گشتیە بۆ بەرژەوەندی کۆمپانیای تایبەت. داڕشتنەوەی ئەم کۆمپانیایانە بەگوێرەی ڕێنماییەکانی بانکی نێودەوڵەتی، وەک کەمکردنەوەی تەمەنی خانەنشینی، گوایە کاریگەری ئەرێنی لەسەر ژیانی هاوڵاتیانی ئاسایی لە زۆر ڕووەوە دەبێت. بەڵام لە عێراقدا ئەم ڕێوشوێنانە بە پلەی یەکەم ئامانجیان کردنەوەی بازاڕە بەڕووی کاڵای بیانیدا بەهۆی پشتبەستنی ئابووری بە سامانە سروشتییەکان. کاریگەری کۆمەڵایەتی ئەم سیاسەتانە قووڵە، دەبێتە هۆی زیادبوونی

بێکاری و هەژاری و دابەزینی خزمەتگوزارییە گشتیەکان، کە بە شێوەیەکی ناڕێژەیی کاریگەری لەسەر چینی کرێکار و بێبەشەکان دەبێت، لە کاتێکدا کەمینەیەک سامانێکی بەرچاو دەچنێتەوە. ئەم بنەمایە هاوتەریبە لەگەڵ ئەجێندای سەرمایەداریی جیهانی ، سوود بە دامەزراوە داراییەکان دەگەیەنێت بە تێچووی هەژارکردنی ملیۆنان خەڵکی تر بە تایبەتیلە چینی کرێکاران، حکومەتی عێراق و بەشێک لە کەسایەتیە سیاسیەکان لە بەرژەوەندی و ئاسانکاری ئەم سیاسەتە نێودەوڵەتیانە کاردەکەن. یەکێتیی گشتی سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان کە تاکە سەندیکای کرێکارانە لە هەرێمی کوردستان، لە سۆشیال میدیادا، وەک زۆرێک لە سەندیکاکانی کرێکارانی عێراق، ئامادەیی سنوورداری هەیە. لە ساڵی ٢٠٢٣ سەندیکاکە تەنها حەوت جار لە پەیجی فەرمی خۆی پۆستی کردووە. جگە لە ڕاگەیاندنێک بۆ ڕۆژی جیهانی کرێکاران لە یەکەمی ئایاردا، هەموو پۆستەکانی تر پەیوەندییان بە هەواڵی سەردانە فەرمییەکانەوە هەبوو.

بەگشتی، جگە لە هەندێکیان ، ئەو ناوەڕۆکەی کە سەندیکاکانی کرێکاران لە سۆشیال میدیادا هاوبەشی دەکەن، بە پلەی یەکەم لەسەر پرسەکانی کرێکاران نییە. جێگای سەرنجە، کەمی ڕاپۆرت لەسەر ڕووداوەکانی شوێنی کار هەیە، سەرەڕای ڕوودانی هەزاران ڕووداوی لەو جۆرە ڕۆژانە. سەرەڕای ئەوەش، کەمی ڕاپۆرتی ورد لەسەر ژمارەی ئەو کرێکارانە هەیە کە بەهۆی نەبوونی ڕێوشوێنی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی لە شوێنەکانی کاردا برینداربوون یان گیانیان لەدەستداوە.

## بارودۆخی کارکردنی ناجێگیر

کاری ناجێگیر ئاماژەیە بۆ نەبوونی سەقامگیری لە کاردا؛ بەواتای ئەوەی کارمەند و کرێکار دڵنیا نیە لە بەردەوامی کارەکەی و مافە بنەڕەتیەکانی بۆ دەستەبەر ناکرێت، کارێکی کورتخایەنە و لە هەر کاتێکدا دەکرێت کارەکە کۆتایی پێ بێت. بە شێوەیەکی گشتی مووچەیەکی خراپ لە بەرامبەر کارێکی قورس دەدرێت. لە بنەڕەتدا، کاری ناجێگیر ئاماژەیە بۆ بارودۆخی دامەزراندن کە لە ڕوانگەی کرێکارەوە نادیار و پێشبینینەکراو و پڕە لە نادڵنیایی، زۆرجار ئەو زەمانەتە ئاساییانەی پەیوەستن بە کارێکی «ئاسایی»ەوە دابین ناکرێت لە گرنگترینیان گرێبەست و دەستەبەری کۆمەڵایەتی. لە هەرێمی کوردستان مامۆستایانی وانەبێژ نموونەیەکی ئەم جۆرە کارەیە.

عەباس زوهێر ئەندامی دەستەی جێبەجێکاری فیدراسیۆنی گشتی کرێکارانی عێراق (GFIW) تیشک دەخاتسەر ئاستەنگە بەردەوامەکان و پێشنیاری چاکسازی لە بازاڕی کاری عێراقدا دەکات. لیژنەکانی پشکنین کە نوێنەرانی GFIW و وەزارەتی کاریشیان تێدایە، چاودێری کارگەکانی خشت لە دیالە دەکەن بۆ پێشێلکردنی یاسای کار، بەتایبەتی سەبارەت بە دەستەبەری کۆمەڵایەتی و کەمترین مووچە. زوهێر ئاماژەی بەوەشکرد، زۆرجار خاوەنکارەکان هەوڵدەدەن راستیەکان بشارنەوە، هەندێکیشیان کەمتر لە کەمترین مووچەی یاسایی کە ٣٥٠ هەزار دینارە، مووچەی کرێکاران دەدەن. هەروەها ئاماژە بەوەدەدات ئەو کۆمپانیایانە کە لەلایەن حکومەتەوە گرێبەستیان لەگەڵ کراوە بۆ خزمەتگوزاری پاککردنەوەی نەخۆشخانەکان تەنها ١٥٠-٢٠٠ هەزار دینار مووچەی کرێکاران دەدەن. جگە لەوەش زوهێر باسی لە لێشاوی کرێکارانی بیانی کرد کە بەهۆی کەمبوونەوەی خواستی مووچە (٢٠٠-٣٠٠ دۆلار) و ئامادەیی بۆ کارکردنی کاتژمێری زیاتر (تا ١٤ کاتژمێر)، تادێت خاوەنکارەکان کرێکاری بیانی زیاتر دەخاتە سەر کار بە بەراورد بە کرێکارانی عێراقی، کە بەلایەنی کەمەوە بەدوای ٥٠٠ دۆلاردا دەگەڕێن یان ٥٠٠-٦٠٠ هەزار دینار مانگانە و ٨ کاتژمێری رۆژانە. ئەم دۆخە ئاڵۆزییەکانی بازاڕی کاری عێراق پیشان دەدات، لەوانەش خراپی لە مووچە، ئیستغلالکردنی کرێکاران و هەروەها جێبەجێکردنی یاساکانی کار بە گشتی. ئێستا پیشەسازی عێراق ڕووبەڕووی ئاستەنگی بەرچاو بووەتەوە و زۆرێک لە کارگەکان کاریان راگرتوە و ئەمەش دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی بێکاری هەتا لە نێوان کرێکارانی لێهاتوودا. وەزارەتی پیشەسازی نزیکەی ٢٩٠ دامەزراوەی بەرهەمهێنان و تاقیگەیی لە سەرانسەری عێراق بەڕێوەدەبات، لەو ژمارەیەش نزیکەی ١٠٠ دامەزراوە کارکردنیان وەستاوە. هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم داخستنە بریتین لە خراپ بەڕێوەبردن، گەندەڵی، پشتبەستنی بەردەوام بە هاوردەکردن و نەبوونی پشتیوانی لە بەرهەمە ناوخۆییەکان. راگرتنی کارکردن لەم ناوەندانە دەبێتە هۆی لەدەستدانی ملیۆنان دۆلار لە خەزێنەی دەوڵەتی عێراق. . کۆتاییهێنان بە گرێبەستەکان لەناکاو بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە یان پەیڕەوکردنی پرۆتۆکۆڵە یاساییەکان، دەرکەوتنێکی دیکەی ناجێگیری کارکردنە کە کرێکارانی کەرتی تایبەت ڕووبەڕووی دەبنەوە. بۆ نموونە لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ قوتابخانەیەکی نێودەوڵەتی لە هەولێر بەبێ هیچ پاساوێکی ڕوون لەناکاو ١٥ کارمەندی خۆی لە کارەکانیان دوورخستەوە. لە مانگی نیسانی ئەمساڵدا کۆمپانیایەک لە سلێمانی دامەزراندنی ١٤ کەسی هەڵوەشاندەوە کە بۆ ماوەی ساڵ و نیو تا دوو ساڵ لەگەڵ کۆمپانیاکە بوون. ئەم کارە لە وەڵامی ڕێنماییەکی حکومەتدا ئەنجامدرا کە کۆمپانیاکە داوا

دەکات ئـەم کرێکارانـە لـە مووچـەی ڕۆژانـەوە بگوازێتـەوە بـۆ دامەزرانـدن بـە گرێبەسـت. لـە هەرێمـی کوردسـتان، هـەزاران کرێـکار کـە لـە لایـەن کۆمپانیـا تایبەتەکانـی ئەمنیـەوە دامـەزراون، ڕووبـەڕووی چەندیـن ئاسـتەنگی دەبنـەوە. ئـەوان بـاس لـەوە دەکـەن کـە مووچـەی کەمیـان پێدەدرێـت، لـە کـۆی ٨٠٠ هـەزار دینـار کـە لەلایـەن کرپارەکانـەوە دەدرێـت بـە کۆمپانیـاکان بـۆ هـەر کارمەندێـک، تەنهـا ٤٠٠ هـەزار دینـار وەردەگـرن. جگـە لـەوەش کارمەنـدان تێچـووی جلوبەرگـی کارەکانیـان لـە ئەسـتۆ دەگـرن، لەوانـەش جلوبـەرگ و پێـڵاو، زۆرجـار ١٠٠ هـەزار دینـار لـە گیرفانـی خۆیانـەوە خـەرج دەکـەن. مەرجەکانـی کارکـردن بریتیـن لـە کاتژمێـری درێـژ لەگـەڵ کەمتریـن پشـوو، و نەبوونـی پشـتیوانی لـە کاتـی بـاری نائاسـاییدا، هەروەهـا بێڕێزیکـردن لەلایـەن کەسـانی دەوڵەمەنـد و خێزانـی بەرپرسـان. سـەرەڕای مەترسییەکان، ئـەم کارمەندانـە کەرەسـتەی پێویسـت و پاراسـتنی یاسـاییان نییـە. هەوڵەکانـی کارمەندانـی ئەمنـی بـۆ داواکردنـی مووچـە و گرێبەسـتی باشـتر لەگـەڵ کۆمپانیـاکان تەنیـا بەڵێنـی پـوچ و هەندێکجاریـش سـزای لێکەوتـەوە. ئـەم حاڵەتـە لـە زۆر ناوچـەی تـری عێـراق ڕوودەدات، بەتایبەتـی لـە بـەسرە، کـە کۆمپانیـا نەوتییـەکان بەبـێ پەیڕەوکردنـی ڕێـکارە یاساییەکان کرێـکاران لـە کارەکانیـان دووردەخەنـەوە. هەمـوو ئەمانـە ئاماژەیەکـی روون بـۆ ناسـەقامگیری بـازاڕی کار لـە عێراقـدا، کـۆکاری سـەرەکیش بوونـی کەرتـی کاری نارێکخـراوە بەشـێوەیەکی بەرفـراوان. ئـەم ناسـەقامگیرییە، کرێـکاران لـە بنەڕەتیتریـن مافەکانیـان بێبـەش دەکات، بەتایبەتـی خانەنشـینی و دەسـتەبەری کۆمەڵایەتـی، کـە بنەڕەتیتریـن مافـی کرێکارانـن.

## گەنجان و ئافرەتان

ئافرەتانـی گەنـج ژمارەیەکـی بەرچـاو لـە رێـژەی بێـکاری لـە عێـراق و هەرێمـی پێکدەهێنـن. ڕێـژەی بەشـداریکردنی ژنـان لـە هێـزی کاردا نزیکـەی ١٠،٥٪ ، کـە لـە ڕیزبەنـدی نزمترینەکاندایـە نـەک تەنهـا لـە ڕووی ناوچەییـەوە، بەڵکـو بـە ئەگەرێکـی زۆرەوە لـە سەرانسـەری کیشـوەری ئاسـیادا. زۆربـەی ئەوانەشـی کاردەکـەن لـە کەرتـی گشـتیدا دامـەزراون، و بەپێـی خەمڵاندنـەکان ڕێژەیەکـی کەمیـان لـە کەرتی تایبەتـدا کاردەکـەن، سـەرەڕای ئـەوەی ١٣ ملیـۆن ئافـرەت لـە تەمەنـی کارکردنـدان لـە عێراقـدا. ئـەم پرسـە زیاتـر دەردەکەوێـت بەهـۆی بـەرزی ڕێـژەی بێـکاری لـە نێـو گەنجانـدا. بـە پێـی راپۆرتـی بانکـی نێودەوڵەتـی نزیکـەی لەسـەدا ٣٤.٥ی دانیشـتوانی گەنجانـی عێـراق کـە تەمەنـی کارکردنیـان هەیـە بێـکارن، گریمانـە دەکرێـت بەشـێکی بەرچـاو لـەم گرووپـە لـە ژنانـی گەنـج پێکهاتبێـت. هـەڵاواردن و مامەڵـەی نادادپەروەرانـە ئـەو ئاسـتەنگە بەرچاوانـەن کـە ڕووبـەڕووی ژنانـی دووگیـان دەبنـەوە لـە هێـزی کاری کەرتـی تایبەتـی عێراقـدا. لـەم نزیکانـە ئەنجوومەنـی وەزیرانـی عێـراق بڕیاریـدا کـە پەیماننامـەی ژمـارە ١٩٠ ی رێکخـراوی نیودەوڵەتـی کار پەسـەند بـکات، بـە پێـی ئـەم پەیماننامـە نێودەوڵەتییـە کـە دان بـە مافـی هەمـوو کەسـێکدا دەنێـت بـۆ کار کـردن لـە ژینگەیـەدا کـە دوور بێـت لـە هـەر توندوتیـژی و هەراسـانکردنێک، لەوانـەش توندوتیـژی و هەراسـانکردن لەسـەر بنەمـای رەگـەز. ئەمـەش هەنگاوێکـە بـە ئاراسـتەی زیادکردنـی بەشـداری ئافـرەت لـە بـازاری کار ئەگـەر رێوشـوێنی یاسـایی و جێبەجیکردنـی گونجـاوی بـەدوادا بێـت.

ژنانـی وەک سـوعاد عومـران، سـابرین هاشـم، فاتیمـە جاسـم، بەهـۆی دووگیانییانـەوە، سـەرەڕای کاری زۆر و ماندووبوونیـان، ڕووبـەڕووی لەدەسـتدانی کار یـان ناچـاری مۆڵەتـی بـێ مووچـە بوونەتـەوە. ئـەم کەیسـانە ڕێژەیەکـی بـەرزی پێشـێلکارییەکان دژی ژنانـی کرێـکار لـە کەرتـی تایبەتـدا نیشـان دەدەن، کـە بـە پلـەی یەکـەم بەهـۆی جێبەجێنەکردنـی یاسـاکانی کار و چاودێـری لاوازی دەسـەڵاتی جێبەجێکرنـە. یاسـای کاری عێراقـی ژمـارە (٣٧)ی سـاڵی ٢٠١٥ بڕگـەی پاراسـتنی ئافرەتانـی دووگیـان و شـیردەر لەخۆدەگرێـت، لەوانە مۆڵەتـی منداڵبوون بـە مووچـە، هەروەهـا پشـوودانی شـیرپێدان لەکاتـی دەوامـدا. بـەڵام جێبەجێکردنـی ئەم یاسایانە بەهـۆی ئیسـتغلالکردنی خاوەنـکارەکان و نەبوونـی زانیـاری یاسـایی و بارودۆخـی ژیانـی سـەخت و ناچـاری پێشـێلکردنی ئـەو مافانـەی لێکەوتۆتـەوە. حسـێن ئەلکەعبـی لـە فیدراسـیۆنی سـەندیکاکان جەخـت لـەوە دەکاتـەوە کـە خاوەنـکارەکان زۆرجـار ئـەم پابەندبوونـە یاساییانە پشـتگوێ دەخـەن، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی پێشـێلکردنی بەرفراوانـی مافەکانـی ئافرەتـان لـە کەرتـی تایبەتـدا. نەبوونـی گرێبەسـتی یاسـایی دامەزرانـدن لـە کەرتـی تایبەتـدا زیاتـر پرسـەکە خراپتـر دەکات، وەک ئەبـو عەلـی خـاوەن کارێـک ئاماژەی پێکـردووە. بارگرانـی دارایـی و یاسـایی وەک پاسـاو بـۆ بەفەرمـی نەکردنـی گرێبەسـتی کارکـردن لەگـەڵ کرێکارانـی ئافـرەت دەهێنێتـەوە .
ئابـووری عێـراق لەگـەڵ سـنوورداربوونی هەلـی کار و خـاوی ڕەخسـاندنی هەلـی کاردا کێشـەی هەیـە، ئەمـەش کاریگەرییەکـی بەرچـاوی لەسـەر گەنجـان هەبـووە. سـەرهەڵدانی ئابـووری گیـگ (Gig economy) کـە تێیـدا کرێـکار بـۆ کارێکـی کاتـی بـێ هیـچ گرێبەسـت و مافێـک بەکـرێ دەگیرێـت زیاتـر بارودۆخـی ناجێگیـری کارکـردن خراپـتر دەکات، زۆرێـک لـە گەنجانـی عێراقـی بەبـێ پارێزبەنـدی یاسـایی و کۆمەڵایەتـی گونجـاو سـەرقاڵی کارێکـی کاتـی و لەسـەر بنەمـای خواسـتی خاوەنـکارەکان بـە تایبەتـی ئێسـتا ئـەم جـۆرە کارە لـە مارکێـت و مۆڵـەکان و شـوێنە بازرگانیەکانـی تـر رووی لـە زیادبـوون کـردوە، گەنجانـی تـازە دەرچـووی زانکـو لـە رووی ناچارییـەوە ئـەم جـۆرە کارانـە دەکـەن. هەمـوو ئـەم جـۆرە کارانـە لـە دەرەوەی سیسـتەمی پاراسـتنی ئاسایشـی کۆمەڵایەتیـە.

## سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی

لە ساڵی ٢٠٢٣، سەنتەری نیشتمانی بۆ تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی بە گشتی ٣٣٦٥ بریندار لە شوێنی کاردا ڕاگەیاندووە، لەگەڵ جیاوازییەکی بەرچاوی ڕەگەزی کە ٩٨٪ (٣٣١٢) بریندارەکان پیاو بوون و تەنها ٢٪ (٥٣) ژن بوون. هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم برینانە بریتی بوون لە کەوتن و خلیسکان (٩٤٧ حاڵەت)، ڕووداوەکانی پەیوەست بە ئامێرەکان (٨٨٢ حاڵەت)، هەروەها برینداربوون بەهۆی ئامێری کاری دەستی (٥٥٣ حاڵەت). هۆکارە دیارەکانی دیکە بریتی بوون لە ڕووداوەکانی هاتوچۆ (٢٨١)، کەوتنەخوارەوەی کەرەستە و شتومەک (٢٤٣)، و تەزووی کارەبا (١٢٥)، لەنێو ئەوانی تردا. ئەم زانیاریانە تیشک دەخاتە سەر نیگەرانییە بەپەلەکانی سەلامەتی لە کەرتە جیاوازەکاندا، بەتایبەتی سەبارەت بە خۆپاراستن لە کەوتن و سەلامەتی ئامێرەکان، و جەخت لەسەر پێویستی بەرزکردنەوەی ڕێوشوێنی سەلامەتی شوێنی کار و دەستێوەردانی ئامانجدار دەکاتەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەترسیانە بە شێوەیەکی کاریگەر. لە ڕاپۆرتەکەدا زانیارییەکانی مردنی کرێکاران ئاماژەی پێنەکراوە، بەڵام ڕوانگەی عێراقی بۆ مافەکانی کرێکاران ئاماژەی بە ٢٦ حاڵەتی مردن کردووە لە کەرتە جیاوازەکانی کاردا. سەرەڕای ئەوەش، ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی، لە ڕێگەی تیمی چاودێریکردنەوە ، ٦٩ گیانلەدەستدانی کرێکاری تۆمارکردوە کە زۆربەیان لە هەرێمی کوردستان ڕوویانداوە. نوێنەری ڕێکخراوی کرێکارانی بیناسازی کوردستان ئاشکرای دەکات، تەنیا لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٣ دا ٧٣ کرێکار گیانیان لەدەستداوە کە ١٨ کرێکاریان بیانین، ئەمەش بەراورد بە ساڵی رابردوو زیادی کردووە کە ٥٩ حاڵەتی گیانیان لەدەستدان هەبووە.

## گۆڕانی کەش و هەوا و کرێکاری کەرتی کشتوکاڵ

نەتەوە یەکگرتووەکان عێراق بە پێنجەم وڵات دادەنێت کە زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا . ئەمەش ئاماژە دەکات سەر پێویستی هەڵسەنگاندنەوەی شێوازەکانی کارکردن و جێبەجێکردنی پاراستنی باشتر لە بیناسازی و کەرتە کارچڕەکانی تردا. لە عێراق بەهۆی شەپۆلی گەرمای زۆرەوە کرێکاران بەتایبەتی لە کەرتی نارێکخراودا ڕووبەڕووی ئاستەنگێکی سەخت بوونەتەوە و پلەکانی گەرما ٥٠ پلەی سەدی تێپەڕاندووە بە تایبەتی لە وەرزی هاویندا هەندێک جار کرێکار دەبورێتەوە بەهۆی گەرمای توندەوە. ئەم دۆخە بەهۆی ئەوەی لەیاسای کار بە شێوەیەکی گونجاو باس نەکراوە هیچ ڕێوشوێنێکی پێویست ناگیرێتەبەر. ثعر عبدالمعین ئەلسوڵتان، بەرپرسی سەندیکای کرێکارانی دیالە، ئاماژە بە کەمبوونەوەی چالاکی کرێکاران دەکات بە ڕێژەی ٥٠٪ بەهۆی پلەی گەرمی بەرزەوە، کە ئەمەش مەترسی تووشبوون بە نەخۆشییە پەیوەندیدارەکانی گەرما زیاد دەکات. ئەم دۆخە سەختە بەشێکە لە چوارچێوەیەکی فراوانتر لە گۆڕانی کەشوهەوا، عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی کە بەهۆی کاریگەرییەکانی ئەم دیاردەیەوە زۆرترین زیانی بەرکەوتووە. یاسای کاری عێراقی ژمارە ٣٧ی ساڵی ٢٠١٥ کاتی کارکردن لە کاتی بەرزی پلە کانی گەرمادا ڕێکناخات، هەروەها پارێزگاری لە سە لامە تی و تە ندروستی پێویست بۆ کرێکاران دابین ناکات. لە ئەنجامدا کرێکارانی بوارەکانی وەک بیناسازی ناتوانن کار بکەن، ئەمەش کاریگەری لەسەر داهات و بژێوی ژیانیان دەبێت. پشتگوێخستنی حکومەت لە کەرتە تایبەتەکان و نەبوونی ڕێوشوێنی پاڵپشتی وەک بیمە یان قەرەبووکردنەوە، پرسەکە خراپتر دەکات و کرێکاران زیاتر زەرەرمەند دەبن. کەیسێک کە لەلایەن ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادییەوە تۆمارکراوە، تیشک دەخاتە سەر بارودۆخی نالەباری کارکردن لە پاڵاوگەیەکی نەوت لە کاتی گەرمای هاویندا، کە چەند کرێکارێک بەهۆی نەبوونی سیستەمی ساردکەرەوەی گونجاو و شوێنی پشوودانی گونجاو دەستیان لەکارکێشاوەتەوە.

بوارێکی دیکە کە پەیوەندییەکی نزیک بە گۆڕانی کەشوهەوا هەیە و ئەگەری هەیە کاریگەری لەسەر بێت، کشتوکاڵە. بە پشتبەستن بە ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوە جۆراوجۆرەکان، ئەم کەرتە لە ئێستادا لە دۆخێکی لەباردا نییە لە عێراقدا. توێژینەوەیەک کە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار (ILO) ئەنجامدراوە، تیشک دەخاتە سەر چەند پرسێکی گرنگ لە کەرتی کشتوکاڵی عێراق، بەتایبەتی لە بەسرە لەنێو ئەو جووتیارانەی کە بە پلەی یەکەم کارەکانی لەسەر ئاستی خیزنی دەکەن بە تایبەتیش زیاتر ئافرەتان پێی هەڵدەستن. توێژینەوەکە بۆشاییەکی بەرچاو لە پشکنینی کاردا ئاشکرا دەکات، کە تەنها ٢٪ی بەشداربووان توێژینەوەکە ئاگاداری سەردانەکانی پشکنینی کارن لە لایەن دامەزراوە چاودێرییەکانی بواری کارکدن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شوێنە دوورەکانی کێڵگەکان و سونرداری توانای پشکنەرەکان. نەبوونی ئەم چاودێرینەکردنە بووەتە هۆی چەندین پێشێلکاری سەلامەتی و تەندروستی: زۆربەی کرێکاران ئاشنا نین بەو ماددە کیمیاییانەی کە بەکاردەهێنرێن، ڕاهێنانیان نییە لە مامەڵەکردن

لەگەڵ مـاددە مەترسـیدارەکان، و بەرکەوتـەی مەترسییە بایۆلـۆژی و کیمیاییـەکان دەبـن. سـەرەڕای ئـەوەش، نەبوونی دەرفەتی یەکسـانی جێنـدەر و جیـاوازی مووچـە لـە کەرتەکـەدا دیـارە. هەروەهـا توێژینەوەکـە ئامـاژە بـە نەبوونـی گرێبەسـت دەکات، کـە کرێـکاران رووبـەرووی ئیسـتغلالکردن و بـێ ئـاگا لـە مافەکانیـان دەکات، لەوانـەش سـوودمەندییەکانی دەسـتەبەری کۆمەڵایەتـی و سـتانداردەکانی کەمتریـن مووچـە. کارکردنـی منـداڵ پرسـێکی جێگای نیگەرانیـە لـەم کەرتـەدا، زۆرجـار بەهـۆی چوارچێـوەی کاری خێزانییـەوە لەبەرچـا ناگیرێـت. سـەرەڕای ئـەم تەحەددایانـە، توێژینەوەکـە سـنووردار هۆشـیاری و بەکارهێنانـی رێگاکانـی سـکاڵا لەنێـو کرێکارانـدا ئاشـکرا دەکات. ئـەم توێژینەوەیـە جەخـت لەسـەر پێویسـتی بەپەلـە دەکاتـەوە بـۆ باشـترکردنی پشـکنینی کار، ڕاهێنانـی سـەلامەتی، هۆشـیاری لـە مافەکانـی کرێـکاران، و جێبەجێکردنـی یاسـاکانی کار بـۆ دڵنیابـوون لـە خۆشـگوزەرانی و مامەڵـەی دادپەروەرانـە لەگـەڵ کرێـکاران لـە کەرتـی کشـتوکاڵی عێراقـدا. جگـە لەمـە بەهـۆی وشکەسـاڵی کەمـی رێـژەی بـاران باریـن لـە ناوچەکانـی خـواری عێـراق هەتـا لـەم دۆخـە خراپەشـدا دەرفەتـی کشـتوکاڵکردن کەمـتر دەبێتـەوە ، پێشـبینی دەکرێـت بەهـۆی کاریگـەری گۆڕانـی کەشـوهەواوە لێشـاوێکی کۆچـی ناوخۆیـی رووبدات.هەندێـک لـە پێشـبینیەکان س لـە کۆچکردنـی نزیکـەی ٨ ملیـون هاوڵاتـی لـەو ناوچانـە دەکـەن.

## ئەنجام:

لەگـەڵ ئـەوەی کرێکارانـی عێـراق ڕووبـەڕووی کۆمەڵێـک ئاسـتەنگی جیـاواز دەبنـەوە، بـەڵام سـەندیکاکانی کرێـکار رۆڵێکـی سـنوورداریان هەیـە لـە داکۆکیکردنـی مافەکانـی کرێـکاران. پرسـێکی گرنـگ بـۆ کرێـکاران نەبوونـی دەسـتەبەری کۆمەڵایەتییـە، بەهـۆی دوودڵـی هـەردوو کرێـکار و خاوەنـکارەکان بـۆ بەشـداریکردن لـە سیسـتەمەکەدا لەبـەر پابەندییـە داراییـەکان بـۆ هـەردولا، هەروەهـا کەمـی چاودێریکردنـی شـوێنی کارەکان لـە دامـەزراوە پەیوەندیـدارەکان وایکـردوە ژمارەیەکـی زۆر کەمـی کرێـکاران لـەم مافـە سـوودمەند بـن . یاسـای نوێـی خانەنشـینی و دەسـتبەری کۆمەڵایەتـی ژمـارە (١٨)ی سـاڵی ٢٠٢٣ هەنگاویکـی گرنگـە بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم کێشـەیە بـە فراوانکردنـی رومالکردنـی هەمـوو جـۆرە کرێکارێـک، بەتایبەتـی لـە کەرتـی نارێکخـراودا، و ناسـاندنی ڕێوشـوێنی وەک پشـتگیری دەوڵەت بـۆ کـرێ و چاودێـری تەندروسـتی بـۆ خانەنشـینان. سـەندیکاکانی کرێـکاران لـە عێراقـدا لـە نێـوان فـرە سـەندیکاگەرایی و یـەک سیسـتەمی سـەندیکادا دابەشـبوون، گفتوگـۆ و کۆبوونـەوە بەردەوامـە بـۆ هاوتەریبکـردن لەگـەڵ ڕێککەوتننامـە نێودەوڵەتییـەکان و چارەسـەرکردنی ئـەم کێشـە لـە چوارچیـوەی یاسـاکانی کـە عێـراق پابەندبوونـی پێـوە چەسـپاندوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا پەیوەنـدی و هـاوکاری پێویسـت لـە نێـوان سـەندیکاکاندا نیـە، ئەمـەش کاریگـەری لەسـەر توانایـان هەیـە بـۆ کاریگەریکـردن لەسـەر سیاسـەتەکانی دەوڵـەت و پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانـی کرێـکاران. بارودۆخـی ناجێگیـری کارکـردن و ناسـەقامگیری و کەمـی مووچـە یەکێکـی تـر لـە کێشـەکانی کرێـکاران. لێشـاوی کرێـکاری بیانـی و داخسـتنی کارگـەکان و دەرکردنـی کرێـکاران بەبـێ پاسـاوی یاسـایی ئـەم دۆخـە خراپـتر دەکـەن. ئافرەتـان و گەنجـان ڕووبـەڕووی ئاسـتەنگی وەکـو جیـاکاری دەبنـەوە لەگـەڵ ڕێـژەی کەمـی بەشـداریکردنیان لـە هێـزی کار و کەمـی هەلـی کار. سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی نیگەرانـی سـەرەکین، ژمارەیەکـی زۆری برینداربـوون و گیـان لەدەسـتدان لـە شـوێنی کاردا هەیـە، بەتایبەتـی لـە کەرتـی بیناسـازیدا. کاریگـەری گۆڕانـی کەشـوهەوا بەتایبـەت لـە بـواری بیناسـازی و کشـتوکاڵ ئاسـتەنگی زیاتـر دروسـت دەکات، کرێـکاران بەهـۆی جێبەجێنەکردنـی یاسـا و ڕێنماییـەکان ولاوازت پشـکنینی کارەوە ڕووبـەڕووی بارودۆخـی کارکردنـی تونـد و مەترسـی تەندروسـتی و ئیسـتغلال دەبنـەوە.

## پێشنیارەکان بۆ لایەنی پەیوەندیدار

بـە پشتبەسـتن بـە شیکاری ئـەو کێشـە و ئاسـتەنگیانەی کـە ڕووبـەڕووی کرێکارانـی عێـراق دەبنـەوە، ئـەم ڕاسپاردانەی خـوارەوە پێشـنیار دەکەیـن لایەنـە بەرپـرس و پەیوەندیـدارەکان بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم پرسـانە بـە شـێوەیەکی کاریگەر:

١. بەرزکردنـەوەی رێـژەی سـوودمەند بوونـی کرێـکاران لـە دەسـتەبەری کۆمەڵایەتـی: پێویسـتە یاسـای نوێـی خانەنشـینی و دەسـتەبەری کۆمەڵایەتـی ژمـارە (١٨)ی سـاڵی ٢٠٢٣ بـە باشـی جێبەجـێ بکرێـت بـە دانانـی ڕێوشـوێنی تونـدی پابەندبـوون. پێویسـتە هەڵمەتێکـی هۆشـیاری هەبێـت بـۆ هـەردوو خاوەنـکار و کارمەنـد سـەبارەت بـە گرنگـی تۆمارکـردن لـە دەسـتەبەری کۆمەڵایەتـی و سـوودە درێژخایەنەکانـی. سـەرەڕای ئـەوەش، دەتوانرێـت هانـدان یـان یارمەتـی دارایـی پێشـکەش بکرێـت بـۆ بزنسـە بچووکـەکان و کەرتـە نارێکخـراوەکان بـۆ نـاو تۆمارکـردن لـە سیسـتەمی دەسـتەبەری کۆمەڵایەتـی.

٢. پتەوکردنــی مــاف و نوێنەرایەتــی ســەندیکاکان: پێویســتە عێــراق چوارچێوەیەکــی یاســایی بگرێتەبــەر کــە پاڵپشــتی سیســتەمی فــرە ســەندیکایی بــکات، کــە نوێنەرایەتــی دادپەروەرانــەی ســەرجەم کرێــکاران مســۆگەر بــکات. پێویســتە ســەندیکاکانی کرێــکاران دەســەڵاتیان پێبدرێــت بــۆ بەشــداریکردنی چالاکانــە لــە پرۆســەکانی یاســادانان، دڵنیابــوون لــەوەی کــە مافەکانــی کرێــکاران بــە شــێوەیەکی گونجــاو پارێــزراون. پێویســتە هــاوکاری نێــوان ســەندیکاکان بەرەوپێــش ببرێــت بــۆ چارەســەرکردنی ئامانجــە هاوبەشــەکان و کەمکردنــەوەی جەمســەرگیری.

٣. باشــترکردنی ســەلامەتی پیشــەیی و ســتاندارده تەندروســتییەکان: پێویســتە حکومــەت ڕێســای تونــدی ســەلامەتی لــە سەرانســەری کەرتەکانــدا جێبەجــێ بــکات، بــە گرنگیدانــی تایبــەت بــە پیشەســازییە مەترســیدارەکانی وەک بیناســازی و کشــتوکاڵ. پشــکنینی بەردەوامــی ســەلامەتی و ڕاهێنانــی ناچــاری بــۆ کرێــکاران و ســزای تونــد بــۆ پابەندنەبــوون بــە ســتانداردەکانی ســەلامەتی زۆر گرنگــن. ســەرەڕای ئــەوەش، پێویســتە بنکەیەکــی زانیــاری گشــتی ڕووداوەکانــی شــوێنی کار و کــوژراوەکان بپارێزرێــت بــۆ شــەفافیەت و لێپرســینەوە.
٤- چارەســەرکردنی بارودۆخــی ناجێگیــری کار: جێبەجێکردنــی یاســای کار بــۆ ڕێگریکــردن لــە ئیســتغلالکردنی کرێــکاران، بەتایبەتــی لــەڕووی دەرکردنــی نادادپەروەرانــە و لــە خــوار کەمتریــن مووچــەوە. هەروەهــا پێویســتە حکومــەت لێشــاوی کرێکارانــی بیانــی ڕێکبخــات بــۆ ئــەوەی کێبڕکێــی دادپەروەرانــە و ئاسایشــی کار بــۆ کرێکارانــی عێــراق دەســتەبەر بــکات. پێویســتە سیاســەتەکانی پشــتگیریکردن لــە ڕەخســاندنی هەلــی کار و ســەقامگیری لــە کەرتــە جیاوازەکانــدا لــە پێشــینەدا بــن.

٥. پێشخســتنی دامەزراندنــی ژنــان و گەنجــان: پەرەپێدانــی بەرنامــەی ئامانجــدار بــۆ زیادکردنــی بەشــداری ژنــان و گەنجــان لــە هێــزی کاردا. ئەمــەش بریتییــە  جێبەجێکردنــی یاســاکانی دژی جیــاکاری لــە شــوێنی کار، دابینکردنــی دەرفەتــی ڕاهێنانــی پیشــەیی و خوێنــدن، و ڕەخســاندنی هەلــی کار لــە کەرتــە جۆراوجۆرەکانــدا.

٦. ســوودوەرگرتن لــە سۆشــیال میدیــا بــۆ داکۆکیکــردن لــە ســەندیکاکان: ســەندیکاکان پێویســتە ئامادەیــی خۆیــان لــە پلاتفۆرمــی سۆشــیال میدیــادا بــەرز بکەنــەوە بــۆ ئــەوەی لەگــەڵ ژمارەیەکــی فراوانــی کرێــکاران پەیوەنــدی بکــەن و داکۆکــی لــە مافەکانیــان بکــەن  و شــتیوانی بــۆ دۆزی کرێــکاران کۆبکەنــەوە. هەروەهــا ئەمــەش یارمەتیــدەر دەبێــت بــۆ هۆشــیارکردنەوە ســەبارەت بــە پرســەکانی کرێــکاران لــە نێــو خەڵکــی گشــتیدا.

٧- گونجانــدن لەگــەڵ کاریگەرییەکانــی گــۆڕانــی کەشــوهەوا: پەرەپێــدان و جێبەجێکردنــی یاســای کار کــە بارودۆخــی کەشــوهەوای عێــراق لەبەرچــاو بگرێــت، بەتایبەتــی لــە کەرتەکانــی وەک کشــتوکاڵ و بیناســازی. ئەمــەش ڕێســاکانی کاتــی کارکــردن، پشــوودانی ناچــاری و دابینکردنــی ئامــرازی پێویســت و ســاردکردنەوەی گونجــاو لەخۆدەگرێــت.

٨. باشــترکردنی بارودۆخــی کەرتــی کشــتوکاڵ: چڕکردنــەوەی پشــکنینی کار لــە ناوچــە کشــتوکاڵییە دوورەکان، پێدانــی ڕاهێنــان لەســەر مامەڵەکردنــی ســەلامەت لەگــەڵ مــاددە کیمیاییــەکان، و جێبەجێکردنــی یاســاکانی کار بــۆ پاراســتن لــە ئیســتغلالکردن، بەتایبەتــی ژنــان و کرێکارانــی منــدال. هەڵمەتــی هۆشــیاری ســەبارەت بــە مافــی کرێــکاران و کەناڵــە بەردەســتەکانی ســکاڵا لــە ناوچــە گوندنشــینەکان ئەنجــام بدرێــت.

٩. ڕێکخســتنی دامەزراندنــی نافەرمــی: پەرەپێدانــی ســتراتیژیەت بــۆ فەرمیکردنــی کەرتــی نافەرمــی، پێشکەشــکردنی پاراســتنی یاســایی بــە کرێــکاران و دەســتڕاگەیشــتن بــە ئاسایشــی کۆمەڵایەتــی و مووچــەی دادپەروەرانــە. ئەمــەش بریتییــە لــە دروســتکردنی میکانیــزم بــۆ ئــەوەی کرێکارانــی نافەرمــی نــاوی خۆیــان تۆمــار بکــەن و هەمــان دەســتەبەرییەکانی کرێکارانــی کەرتــی فەرمــی وەربگــرن.

١٠. بەرزکردنــەوەی جێبەجێکــردن و چاودێریکردنــی یاســای کار: بەهێزکردنــی توانــای دەزگاکانــی پشــکنینی کار و بەرزکردنــەوەی میکانیزمەکانــی چاودێریکــردن بــۆ دڵنیابــوون لــە پابەندبــوون بــە یاســاکانی کار لــە سەرانســەری هەمــوو کەرتەکانــدا. ئەمــەش پێویســتە ڕێوشــوێنی خێــرا و کاریگــەر لــە دژی خاوەنــکارەکان کــە یاســاکانی کار پێشــێل دەکــەن لەخۆبگرێــت.

# بەشی دووەم:
# رەوشی کرێکاری بیانی لە هەرێمی کوردستان

## پەیامە سەرەکیەکان

* لـە هەرێمـی کوردسـتان یاسـایەکی تایبـەت نیـە بـۆ ڕێکخسـتنی دۆسـیەی کرێکارانـی بیانـی، ئـەوەی هەیـە لەچوارچێـوەی هەندێـك لـە بەندەکانـی یاسـای کار و یاسـای وەبەرهێنـان و چەنـد ڕێنماییەکـی تایبـەت بـە کرێکارانـی بیانـی جێـی کراوەتـەوە. هەندێـك هەوڵـی دیاریکـراو هـەن لەلایـەن حکومەتـی هەرێمـەوە بـۆ پێداچوونـەوە بـە ڕێنماییەکانـی تایبـەت بەکرێکارانـی بیانـی، بـەڵام هێشـتاش یاسـاو ڕێنماییـە بـەرکارەکان بەجۆرێکـن کـە کەموکوڕیـان تێدایـە و دەقـەکان لێکدانـەوەی جیـاواز هەڵدەگـرن و وایکـردووە کـە ڕێکخسـتنی دۆسـیەی ئـەم کرێکارانـە ئاسـان نەبێـت.

* چەندیـن دەزگا و دامـەزراوەی جێبەجێکـردن، چاودێـری و بەدواداچـوون، و دادوەری لـە هەرێمـی کوردسـتان هـەن کـە پەیوەسـتن بـە دۆسـیەی کرێکارانـی بیانـی، بـەڵام لەهەموویـان گرنگـتر دەزگا و دامەزراوەکانـی سـەر بـە ووزارەتـی کار و کاروبـاری کۆمەڵایەتیـە کـە تاڕادەیەکـی زۆر بەرپرسـن لـە ڕێکخسـتنی دۆسـیەی زۆرینـەی ئـەو کرێکارانـەی کـە دێنـە هەرێمـی کوردسـتان. هەرچەنـدە هەماهەنگـی کـردن لـە نێـوان دەزگا و دامەزراوەکانـی حکومەتـی هەرێـم لەڕێـگای لیژنـەی بـاڵاو لیژنـە تایبەتیەکانـی سـەر ئاسـتی ووزارەتـە پەیوەندیدارەکانـەوە ڕێـك خـراوە، بـەڵام ژمـارەی لیژنـەکان و توانـای ئەندامەکانیـان و پاڵپشـتی لۆجیسـتی بـۆ کارەکانـی ئـەم لیژنانـە سـنوردارە بەجۆرێـك کـە ناتوانـن سـەردان و چاودێریەکـی چـڕی ژیانـی کرێکارانـی بیانـی لـە هەرێمـی کوردسـتان بکـەن.

* سـەرەڕای ئـەوەی کـە ڕێنماییەکانـی ووزارەتـی کارو کاروبـاری کۆمەڵایەتـی و ووزارەتـی ناوخـۆ ڕێـکاری فەرمـی دیاریکـردووە بـۆ چۆنیەتـی هێنانـی دەسـتی کاری بیانی، بـەڵام زیاتـر لـە ڕێگایـەک و لـە ناویشـیاندا ڕێـگای نایاسـایی هەیـە بـۆ هێنـان و هاتنـی کرێـکاری بیانـی بـۆ هەرێمـی کوردسـتان. ئەمـەش وایکـردووە کرێکارانـی بیانـی توشـی چەندیـن جـۆری پێشـێلکردنی مافەکانیـان ببنـەوە.

* بۆشـایی یاسـایی، لاوازی میکانیزمەکانـی چاودێریکـردن و بەدواداچـوون بـۆ مافـی کرێکارانـی بیانـی، نزمـی ئاسـتی هوشـیاری خـوودی کرێکارانـی بیانـی زۆرجـار دەرفەتـی ڕەخسـاندووە کـە کرێـکاران تووشـی پێشـێلکاریەکانی وەك نەبوونـی گرێبەسـتی کار، نەبوونـی سـەلامەتی ژینگـەی کار، نـەدان و دواخسـتنی کرێـی کار و زیـاد کارپێکردن،جیـاوازی کلتـوری و پێشـێلکردنی مافـە کەسیەکان، بازرگانـی پێوەکـردن، نەبوونـی دەسـتەبەری کۆمەڵایەتـی، توندوتیـژی سێکسـی، و دەستبەسـەرداگرتنی دۆکیومێنـت دەبنـەوە. کرێکارانـی بیانـی خزمەتـکاری مـاڵان کـە لـە ڕەگـەزی مێـن لـە زۆر بـاردا لاوازتریـن جـۆری ئـەو کرێکارانـەن کـە تووشـی ئـەو پێشـێلکاریانە دەبـن.

* کرێکارانـی بیانـی ڕێـگا پێنـەدراون بـۆ دامەزراندنـی کۆمەڵـە و سـەندیکا و ڕێکخـراوی تایبـەت بـە خۆیـان. سـەرباری ئـەوەی کـە کرێکارانـی بیانـی مافـی ئەندامێتیـان هەیـە لـە سـەندیکاکانی کرێکارانـی کوردسـتان، بـەڵام مافـی ئەندامێتـی تـەواو نیـە.

* کرێکارانـی بیانـی بەشـێکی زۆری ئـەو پارەیـەی کـە دەسـتی دەخـەن بـۆ ووڵاتەکانـی خۆیانـی دەنێرنـەوە، بەشداریکردنیشـیان لەگەشـەپێدانی ئابـوری هەرێـم ناڕاسـتەوخۆیە لـەو ڕووەوەی کـە بەشـێکیان یارمەتـی پەرەپێدانـی توانـای کرێکارانـی ناوخـۆ دەدەن و بەشـێکی تریشـیان یارمەتیـدەرن لـە زیادبوونـی ڕێـژەی بەشـداری ئافرەتانـی هەرێمـی کوردسـتان لـە بـازاڕی کار. ئەمانـەش ڕەنگدانـەوەی هەیـە لەسـەر ئـەوەی کـە هـەم گووتـاری ئەرێنـی و هـەم گوتـاری نەرێنیـش دەربـارەی کرێکارانـی بیانـی لـە هەرێمـی کوردسـتان ووجـودی هەبێـت.

## ١. پێشەکی:

لـە چوارچـوەی پرۆگرامـی تایبـەت بـە مـاف و ئازادیـەکان، ڕێکخـراوی ئاشـتی و ئـازادی لەوەتـەی دامەزراندنیـەوە دۆسـیەی کار و کرێکارانـی وەك بەشـێك لـە بـواری کارکردنـی خـۆی دیاریکـردووە. لـەم چوارچێوەیەشـدا و لـە ڕێـگای پـرۆژەی جیـاوازەوە تەرکیـزی کردۆتـە سـەر پەرەپێـدان و پاراسـتنی مافـی کرێـکاران و ئـازادی کاری سـەندیکایی لـە عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان.

سـەرباری ئەنجامدانـی چەندیـن توێژینـەوە دەربـارەی کرێکارانـی کەمینـەکان، کرێکارانـی ڕەگـەزی مـێ، ئـازادی کاری سـەندیکایی، ڕەوشـی بێـکاری، ڕێکخـراوی ئاشـتی و ئـازادی سـاڵانە ڕاپۆرتـی تایبـەت بـە ڕەوشـی پێشـێلکاریەکان بەرانبـەر بـە کرێـکاران و سـەلامەتی و تەندروسـتی پیشـەیی لـە عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان بڵاودەکاتـەوە. هەرچـی پەیوەسـتە بـە کرێکارانـی بیانـی، ڕێکخراوەکـە جگـە لـە توێژینەوەیەکـی تێروتەسـەل کـە لـە سـاڵی ٢٠١٨ ئەنجامیـداوە، سـالانەو لـە چوارچێـوەی ڕاپۆرتەکانـی تایبـەت بـە مافەکانـی کرێـکاران ئامـاژەی بـە ڕەوشـی گشـتی کرێکارانـی بیانیـش کـردووە.

ئـەم ڕاپۆرتـەش بەشـێکە لـە هەوڵـە بەردەوامەکانـی ڕێکخراوەکـە بـە ئاڕاسـتەی باشـتر تێگەیشـتن لـە ڕەوشـی کرێکارانـی بیانـی لـە هەرێمـی کوردسـتان بـە ئامانجـی دروسـتکردنی بونیادێکـی مەعریفـی کـە ببێتـە سـەرچاوە و ڕێنیشـاندانی بەرهەمهێنانـی زانیـاری بـەردەوام دەربـارەی ڕەوشـی مافەکانـی کرێکارانـی بیانـی لـە هەرێمـی کوردسـتان. ووردتـر بڵێـن، ئـەم ڕاپۆرتـە لەڕێـگای ناسـاندنی حـەوت ڕەهەنـدی تایبـەت بـە کرێکارانـی بیانییـەوە دەبێتـە بناغەیـەك بـۆ تێگەیشـتێکی گشـتگیر دەربـارەی کرێکارانـی بیانـی لەهەرێمـی کوردسـتان. ڕەهەندەکانـی تایبـەت بـە کرێکارانـی بیانیـش بریتیـن لـە **(١) چوارچێـوەی یاسـایی کرێکارانـی بیانـی، (٢) ژینگـەی جێبەجێکردنـی یاسـا و ڕێنماییـەکان، (٣) میکانیزمەکانـی هاتـن و گەڕانـەوەی کرێکارانـی بیانـی، (٤) بارودۆخـی پێشـێلکاریەکان و میکانیزمەکانـی ڕیپۆرتکردنـی پێشـێلکاریەکان، (٥) ئـازادی کاری ڕێکخراوەیـی و سـەندیکایی بـۆ کرێکارانـی بیانـی، (٦) کرێکارانـی بیانـی و بـازاڕی کار،(٧) وێنـەی گشـتی و بەرهەمهێنانـی مەعریفـەی تایبـەت بـە کرێکارانـی بیانـی.**

لـە ڕووی میتۆدۆلۆجیـەوە، داتـاو زانیاریەکانـی ئـەم ڕاپۆرتـە پشـتی بەسـتوە بـە شـەن و کەونکردنـی دۆکیومێنتـی یاسـایی، ڕاپۆرتـی دەزگا فەرمیـەکان و ڕێکخراوەکانـی کۆمەڵـی مەدەنـی، ئەمـە جگـە لـە چاودێریکردنـی ڕەوشـی مافەکانـی کرێکارانی بیانی لەڕێـگای تیمێکـی تایبەتـی ڕێکخـراوی ئاشـتی و ئـازادی و ئەنجامدانـی چاوپێکەوتـن لەگـەڵ بەرپرسـانی دامـەزراوە حکومیـەکان، سـەندیکاکانی کرێـکاران و ڕێکخراوەکانـی کۆمەڵـگای مەدەنـی، کۆمپانیاکانـی هێنانـی دەسـتی کاری بیانـی، توێژەرانـی بـواری کرێـکاران و چەندیـن کرێـکاری بیانـی لـە هەرێمـی کوردسـتان. بەشـداربووانی چاوپێکەوتنـەکان هەموویـان هەمـان پرسـیاریان ئاڕاسـتە نەکـراوە، بەڵکـو لەسـەربنەمای باکگراونـد و پەیوەسـتی هەربەشـداربوویەك بـە ڕەهەندەکانـی کرێکارانـی بیانیـوە پرسـیار لەبەشـداربووانی چاوپێکەوتنـەکان کـراوە.



## ٢. چوارچێوەی یاسایی:

لە هەرێمی کوردستان بە ئێستاشەوە یاسایەکی تایبەت نیە بۆ ڕێکخستن و ئیدارەدانی دۆسیەی کرێکارانی بیانی. بەڵام ئەم بابەتە لە یاسای کاری عێراقی ژمارە (٧١)ی ساڵی ١٩٨٧ جێی کراوەتەوە کە هێشتا تاکە یاسای بەرکارە بۆ ڕێکخستنی کارو مافی کرێکاران لە هەرێمی کوردستان. لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا، ووزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە فەرمیەکانی تر سەرقاڵی داڕشتنی ڕەشنوسێك بوون بۆ" یاسای کار " کە وەك یاسایەکی نوێ ببێتە جێگرەوەی یاسای کاری ژمارە ٧١ی ساڵی ١٩٨٧. هەرچەندە ڕەشنوسی یاسا نوێیەکە لە پەرلەمانی کوردستان لە ١ی ئازاری ٢٠٢٣ دەنگی لەسەردرا، بەڵام تا ئێستاش بەفەرمی لە وەقایعی کوردستان بڵاونەکرایەوە بۆ ئەوەی بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە! یاسا نوێیەکە ئەگەر بڵاوبکرێتەوە و بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، هاوشێوەی یاسای ژمارە ٧١ پەیوەندیدارە بە کرێکارانی بیانی. بەپێی ڕەشنوسێکی یاساکە کە ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی لە ووزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی دەستی کەوتووەو ناتوانرێت وەك دواکۆپی یاسا دەنگ لەسەردراوەکە تەماشابکرێت، بەشێکی تایبەت لەم یاسا نوێیە چاوەڕوان دەکرێت تایبەت بێت بە کرێکارانی بیانی. ئەمە جگە لەوەی کە زۆرێك لە مادده و بەندەکانی یاساکە هاوشێوەی یاسای ژمارە ٧١ی ساڵی ١٩٨٧ بەسەر کرێکارانی بیانیش جێبەجێ دەبن. بەپێی ڕەشنوسەکە بێت، هاوشێوەی یاسا کۆنەکە دەسەڵات بەوەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەدات کە ڕێنمایی تایبەت بە کرێکارانی بیانی دەربکات. ئەمە جگە لەو مادده و بڕگانەی کە باس لە پێویستی هەبوونی گرێبەستی کارو پابەندکردنی خاوەنکار و هەبوونی مۆڵەتی کارکردن و ئەو سزایانەش دەکەن لەکاتی سەرپێچی کردنی بەندە یاساییەکان. ئەگەر بەراوردی ئەم ڕەشنوسە و یاسای ژمارە ٧١ بکەین، دەتوانین بڵێین بەپێی ڕەشنوسەکە بێت،چاوەڕوان دەکرێت چوارچێوەی یاسایی مافی کرێکارانی بیانی باشتربێت لە ڕابردوو، بەڵام هێشتاش کەلێن و کەم و کوڕی یاسایی پەیوەست بەکرێکارانی بیانی هەیە. پاش پەسەندکردنی ڕەشنوسی یاساکە لەپەرلەمانی کوردستان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی کە لەبواری کرێکاران کاردەکەن سەرنجی خۆیان خستەڕوو. سەرنجی ڕێکخراوەکان پەیوەستە بە پێویستی هەبوونی یاسای تایبەت بە کرێکارانی بیانی، یاخوود جێکردنەوەی سەرجەم بواروبابەتەکانی پەیوەست بە کرێکاری بیانی لەچوارچێوەی یاسای کار بە شێوەیەکی باشتر لەوەی کە ئێستا دەنگی لەسەردراوە.

جگە لەیاسای کار، لە چوارچێوەی هەندێک یاسا و ڕێنمایی تر باس لە کرێکاری بیانی کراوە. یاسای ژمارە (٤)ی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠٠٦) کە بە یاسای وەبەرهێنان ناودەبرێت یەکێکە لەو چوارچێوە یاساییانەی کە پەیوەندیدارە بە کرێکاری بیانی. لە دەروازەی دووەمی یاساکە و لە بەشی سێیەم باس لەوە دەکرێت کە وەبەرهێن مافی ئەوەی هەیە کە دەستی کاری بیانی لە پڕۆژەکانی وەگەڕ بخات لە هەرێمی کوردستان. بەدیاریکراوی، ماددەی حەوت، بەندی دووی یاساکە دەڵێت» **وەبەرهێن بۆی هەیە کار بە کرێکاری خۆجێیی و بیانی پێویست بۆ پڕۆژەکە بکات لەگەڵ پێشخستنی کرێکاری خۆماڵی لە کارپێکردنا، بەپێیی یاسا کانی کارا لە هەرێمدا.**» لە هەمان مادده (واتە ماددەی حەوت) بەڵام لە بەندی چوار باس لە مافی کرێکاری بیانی دەکات سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن بەو پارەیەی یان کرێیەی کە وەری دەگرن، هەروەک دەڵێت **«کرێکارە ناعێراقیەکانی پڕۆژەکە و ئەوانەی لە دەرەوەی هەرێمدا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن بۆیان هەیە پارەو کرێیەکانیان بۆ دەرەوە ڕەوانە بکەن.** »[١]

پاڵپشت بە ماددەی (٢٣) لە یاسای کاری عێراقی ژمارە (٧١)ی ساڵی (١٩٨٧)[٢] ، ووزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە چەند ڕێنماییەکی دەرکردووە بۆ ڕێکخستنی چۆنیەتی هێنان و ئیدارەدانی دۆسیەی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان. یەکێك لە سەرەکیترینی ئەم ڕێنماییانەش بریتیە لە ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٥) کە لە (٢٨)

---

١ پەرلەمانی کوردستان. ٢٠٠٦. یاسای وەبەرهێنان

https://www.parliament.krd/media/٢٤٤٠/%DB٨%C%D٨A%٧D%٨B%٣D%٨A%٧DB٨%C-%DA%٩٨%D%٨٥%٩D%٨A%٧D%٨B%١D-٤-٨٧%٩%D%-٨٩%٩D%٨B%٣D%٨A%٧DA%B%٥DB٨%C%-٢٠٠٦-DB٨%C%D%٨A%٧D%٨B%٣D%٨A%٧DB٨%C-%D%٨٨%٩D%-٨٧%٩D%٨A%٨D-٨٧%٩%D%٨B%١D%٨٧%٩DB٨%E%D%٨٦%٩D%٨A%٧D%-٨٦%٩D%٨٤%٩D%-٨٧%٩D%٨٧%٩D%-٨٧%٩D%٨B%١DB٨%E%D%٨٥%٩DB٨%C-%D%٨٣%٩D%٨٨%٩D%٨B%١D%٨AF%D%٨B%٣D%٨AA%D%٨A%٧D%-٨٦%٩D%٨B%٩DB٨%C%D%٨B%١D%٨A%٧D٨٢%٩.pdf

٢ پەرلەمانی عێراق. ١٩٨٧. یاسای کار

https://investpromo.gov.iq/wp-content/uploads/٠٦/٢٠١٣/labor-law-no-٧١-of-١٩٨٧-En.pdf

مـادده پێكدێـت و جەخـت دەكاتـە سـەر ڕێكارەكانـی هێنانـی كرێـكاری بیانـی و ڕێكخسـتنی ئـەرک و مافـی ئـەم توێـژە . لـە مـاددەی دووەمـی ڕێنماییەكـە (لـە بەنـدی یەكـەم)دا هاتـووە كـە «**مۆڵەتـی هێنانـی كرێـكار لـە لایـەن وەزیـرەوە یـان هەركەسـێكی ڕێپێـدراو لەلایـەن وەزیـرەوە دەدرێتـە كۆمپانیـا دوای دەسـتەبەركردنی مەرجەكانـی هاتـوو لـەو ڕێنماییـە**.» هەروەهـا لـە مـاددەی چـواری ڕێنماییەكـەدا هاتـووە كـە «**نابێـت خاوەنـكار لـە كەرتـی تایبـەت و تێكـەڵاو و هاریـكاری، كار بـە هیـچ بیانیـەک بـكات ئەگـەر مۆڵەتـی كاركردنـی بەدەسـت نەهێنابێـت بـە پێـی ئـەو مـەرج و ڕێكارانـەی لـەو ڕێنماییـە دیاریكـراون.**» لـە مـاددەی حەوتـی ڕێنماییەكـەدا بـاس لـە ڕێكارەكانـی وەرگرتنـی مۆڵەتـی كاركـردن كـراوە و بـە دیاریكـراوی لـە بەنـدی یـەک دەڵێت»پێشـكەش كردنـی داواكاریەكـی نـوسراو بۆ بەڕێوەبەرایەتیەكانـی كار وە یـان لـە ڕێـی ئـەو خاوەنـكارەی كـە دەیەوێـت كاری پێبـكات.» پاشـان لـە بەنـدی دووەمـی هەمـان مـاددەدا هاتـووە كـە «**پێشـكەش كردنـی بەڵگەنامـەی یاسـایی كـە تیایـدا هاتنـە ژوورەوەی بـۆ نـاو هەرێـم و نیشـتەجێ بوونـی بـە شـێوەیەكی یاسـایی چەسـپێندرابێت.**»لە بەنـدی سـێیی مـاددەی حەوتـدا هاتـووە كـە «**پێویسـتە داواكاریەكـە گشـت ئـەو زانیاریانـە لەخـۆ بگرێـت كـە پەیوەندیـدارن بـە لێهاتـووی كرێـكارو پاڵپشـت بێـت بـە بڕوانامـەو بەڵگەنامـەی پێویسـت كـە نـاو و ڕەگەزنامـە و بەڵگەنامـەی بـێ تاوانـی و جـۆری كارو مـاوەی كاركـردن و نـاوی خاوەنكارەكـەی و ناونیشـانی تـەواوی تیابێـت.**» [٣]

هەرلـە چوارچێـوەی ڕێنماییـەكان، ووزارەتـی كاروكاروبـاری كۆمەڵایەتـی لـە ٢٢ی كانونـی یەكەمـی ٢٠٢٢ لـە ژمـارە ٢٩٥ی وەقایعـی كوردسـتان ڕێنمایـی ژمـارە (٨)ی سـاڵی ٢٠٢٢ی بڵاوكـردەوە كـە  یەكێكـە لـە هەوڵەكانـی حكومەتـی هەرێمـی كوردسـتان بـۆ ڕێكخسـتنی چۆنیەتـی سـوود وەرگرتـن لـە كرێكارانـی بیانـی. ڕێنماییەكـە تەنهـا تایبەتـە بـە كرێكارانـی پـڕۆژەكان و ئـەو كرێكارانـە ناگرێتـەوە كـە كارمەنـدی ڕێكخراوەكانـی نەتەوەیەكگرتـووەكان، ڕێكخـراوە نێودەوڵەتیـە حكومـی و ناحكومیـەكان، نێـردراوە دیپلۆماتـكارەكان و كونسـوڵخانەكانن، هەروەهـا ئـەو بیانیانـەش كـەلای حكومـەت كاردەكـەن. هـەروەك لـە مـاددەی (١٨)ی ئـەم ڕێنماییـە هاتـووە، ئـەو كرێـكارە بیانیانـەی كـە وەك خزمەتـكار لەناوماڵـەكان كاردەكـەن بـەدەر دەبـن لـەم ڕێنماییـە. ناوەڕۆكـی ماددەكانـی ئـەم ڕێنماییـە دەریدەخـات كـە حكومەتـی هەرێـم دەیەوێـت هاتنـی كرێكارانـی بیانـی سـنورداربكات و سـوود لـە توانـای مرۆیـی و كارامەیـی ناوخـۆ وەربگرێـت. هـەروەك لـە مـاددەی دووەم لـە بڕگـەی یەكـەم هاتـووە كـە "**لـە پڕۆژەكانـی بـازاڕ و كەرتـی تایبـەت و پـڕۆژە هاوبەشـەكانی نێـوان كەرتـی گشـتی و كەرتـی تایبـەت ئەولەویـەت بـە هاوڵاتیانـی هەرێمـی كوردسـتان دەدرێـت بەجۆرێـك كـە بەلایەنـی كەمـەوە ڕێـژەی (٧٥٪) دەسـتی كاری پـڕۆژەكان لـە هاوڵاتیانـی هەرێمـی كوردسـتان دەبـن.**"[٤] لـە بڕگـەی دووەمـی هەمـان مـادده ئامـاژە بـەوە كـراوە كـە ڕێـژەی دەسـتی كاری بیانـی پـڕۆژەكان لـە هیـچ بارێكـدا نابێـت لـە ٢٥٪ تێپەڕبـكات. هـەر لـە ڕێنماییەكـە ئامـاژە بەهەندێـك ڕێـكار كـراوە كـە خاوەنـكار دەبێـت پابەنـدی بێـت هـەر لـە چۆنیەتـی داواكردنـی دەسـتی كارو جـۆری كارامەیـی تـا بەدواداچـوون و دیاریكردنـی سـزای سـەرپێچیەكان بەپێـی یاسـاو ڕێنماییـە بـەركارەكان، كـە مەبەسـت لێیـان هەریـەك لـە یاسـای كار و یاسـای وەبەرهێنـان و ڕێنمایـی تایبـەت بـە هێنانـی كرێـكاری بیانـی ژمـارە (٢)ی سـاڵی ٢٠١٥یـە. گرنگـە ئامـاژە بەوەبكرێـت كـە ئـەم ڕێنماییـە جێگـرەوەی هیـچ ڕێنماییەكـی تـر نیـە كـە پێشـتر دەرچـووە، بەڵـكو بەتەواوكـەری ڕێنماییـە بـەركارەكان دادەنرێـت.

**لـە ٢٠ی كانوونـی یەكەمـی ٢٠٢٣ لـە كۆبونـەوەی ئەنجومەنـی وەزیرانـی حكومەتـی هەرێمـی كوردسـتان گفتوگۆكـرا دەربـارەی ڕەشنوسـی ڕێنماییەكـی نوێـی تایبـەت بـە كرێكارانـی بیانـی كـە ئامانـج لـە ڕێنماییەكـە، ڕێكخسـتنی مۆڵەتـی كار و ڤیـزا و نشـینگە و ڕێگریكردنـە لـە هاتنـی كرێـكاری بیانـی بـە شـێوەی نایاسـایی و ڕەخسـاندنی هەلـی كاری زیاتـرە بـۆ گەنجانـی هەرێمـی كوردسـتان**

٣ ووزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ٢٠١٥. ڕێنمای کارکردنی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان
https://govkrd.b-cdn.net/Ministries/Ministry٢٠٪of٢٠٪Labour٢٠٪and٢٠٪Social٢٠٪Affairs/٪D٪٨B٪١DB٪٨E٪D٪٨٦٪٩D٪٨٥٪٩D
٪٨A٪٧DB٪٨C٪DB٪٨C٪DB٪٩٥٪DA٪A٪٩D٪٨A٪٧D٢٠١٥/٨٦٪٩/٪D٪٨B٪١DB٪٨E٪D٪٨٦٪٩D٪٨٥٪٩D٪٨A٪٧DB٪٨C٪DB٪٨C٢٠٪
٪DA٪٩٨٪D٪٨٥٪٩D٪٨A٪٧D٪٨B٪١DB٢٠٪٩٥٪(٪D٪٩A٪٢٠٪)٢DB٪٨C٪٢٠٪D٪٨B٪٣D٪٨A٪٧DA٪B٪٥DB٪٨C٪٢٠٪D٪٩A٪٢D٪٩A٪٠D٪٩A٪١D٪٩A٢٠٪٥
٪DA٪A٪٩D٪٨A٪٧D٪٨B٪١DA٪A٪٩D٪٨B٪١D٪٨AF٪D٪٨٦٪٩DB٪٨C٪٢٠٪DA٪A٪٩D٪٨B٪١DB٪٨E٪DA٪A٪٩D٪٨A٪٧D٪٨B٪١D٪٨A٪٧D٪٨٦٪٩DB٪
٨C٪٢٠٪D٪٨A٪٨DB٪٨C٪D٪٨A٪٧D٪٨٦٪٩DB٪٨C٪٢٠٪D٪٨٤٪٩DB٪٢٠٪٩٥٪D٪٨٧٪٩DB٪٩٥٪D٪٨B٪١DB٪٨E٪D٪٨٥٪٩DB٪٨C٪٢٠٪DA٪A٪٩D٪٨٨٪٩D٪٨B
٪١D٪٨AF٪D٪٨B٪٣D٪٨AA٪D٪٨A٪٧D٨٦٪٩.pdf

٤ ووزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ٢٠٢٢. ڕێنمای  ژمارە (٨) تایبەت بە کرێکارانی بیانی.
https://govkrd.b-cdn.net/Ministries/Ministry٢٠٪of٢٠٪Labour٢٠٪and٢٠٪Social٢٠٪Affairs/٪D٪٨B٪١DB٪٨E٪D٪٨٦٪٩D٪٨٥٪٩D٪٨A٪٧DB٪٨C٪DB٪٨
C٪DB٪٩٥٪DA٪A٪٩D٪٨A٪٧D٢٠٢٢/٨٦٪٩/٪D٪٨B٪١DB٪٨E٪D٪٨٦٪٩D٪٨٥٪٩D٪٨A٪٧DB٪٨C٪DB٪٨C٪٢٠٪DA٪٩٨٪D٪٨٥٪٩D٪٨A٪٧D٪٨B٪١DB٢٠٪٩٥٪
٪D٪٩A٪٢٠٪(٨DB٪٨C٪٢٠٪D٪٨B٪٣D٪٨A٪٧DA٪B٪٥DB٪٨C٪٢٠٪D٪٩A٪٢D٪٩A٪٠D٪٩A٪٢D٪٩A٪٢٠٪٢D٪٨B٪١DB٪٨E٪D٪٨٦٪٩D٨٥-٪٩
٪D٪٨A٪٧DB٪٨C٪DB٪٨C٪٢٠٪D٪٨AA٪D٪٨A٪٧DB٪٨C٪D٪٨A٪٨DB٪٩٥٪D٪٨AA٪٢٠٪D٪٨A٪٨DB٪٢٠٪٩٥٪DA٪A٪٩D٪٨B٪١DB٪٨E٪DA٪A٪٩D٪٨A٧
٪D٪٨B٪١DB٪٨C٪٢٠٪D٪٨A٪٨DB٪٨C٪D٪٨A٪٧D٪٨٦٪٩DB٪٨C.pdf

**بە شێوەیەك كە خاوەنی كۆمپانیاكان زیاتر ڕوو لە كرێكار و كارمەندانی ناوخۆ بكەن، لە هەمانكاتدا، دڵنیایی و پارێزراوی كار و مانەوەی كرێكارانی بیانیش بێت لە هەرێم تاكوو سوود لە ئەزموون و شارەزایی ئەو كارمەندە بیانیانە وەربگیرێت كە پسپۆڕییان لە بوارە جیاجیاكاندا هەیە.** [5] ئەم ڕەشنوسەش وەك هەر یاساو ڕێنماییەكی تر پێویستی بەوەیە لە جەریدەی وەقایع بڵاوبكرێتەوە تا بچێتە بواری جێ بەجێكردنەوە و كاری پێ بكرێ كە تا ئێستا ڕوون نیە ناوەڕۆك و مادده و بڕگەكانی چین! یەكێك لەو سەرنجانەی كە دەربارەی چوارچێوەی یاسایی تایبەت بە كرێكارانی بیانی هەیە ئەوەیە كە گشتگیرنیە و دەرفەتی لێكدانەوەی زۆری تێدایە كە لەكاتی جێ بەجێكردندا كێشەی جۆراو جۆر دروست دەبن.

## ٣. ژینگەی جێبەجێكردنی یاسا و ڕێنماییەكان:

تاچەند یاسا و ڕێنماییەكانی پەیوەست بە كرێكارانی بیانی بەشێوەیەكی كرداری جێبەجێ دەكرێن پەیوەستە بەچەند هۆكارێكەوە لەوانەش (١) تاچەند دەزگاو دامەزراوەی تایبەت هەیە، (٢) ڕێكاری بەدواداچوون و چاودێریكردنی كاریگەر تاچەند سەرپێ خراوە ،(٣) تاچەند میكانیزمەكانی هەماهەنگیكردن لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەكان بوونیان هەیە. هەرچی پەیوەندی بە دەسەڵاتی جێبەجێكردنەوە هەیە، لە هەرێمی كوردستان لە چوارچێوەی چەند ووزارەتێك، بەڕێوەبەرایەتی و بەش و یەكەی جیاواز هەیە كە كار لەسەر دۆسیەی كرێكارانی بیانی دەكەن. بۆ نمونە، لە ووزارەتی كاروكاروباری كۆمەڵایەتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی كارو دەستەبەری كۆمەڵایەتی هەیە كە بەشێكی تایبەتی هەیە و كار لەسەر دۆسیەی كرێكاری بیانی دەكەن. ئەم بەشە ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەشی تایبەت بە كرێكارانی بیانی لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتیەكانی كار لە پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆكان كار لەسەر دۆسیەی ئەو كرێكارانە دەكەن كە بۆ كاركردن دێنە هەرێمی كوردستان. هەر لەچوارچێوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی كار ودەستەبەری كۆمەڵایەتی لیژنەكانی پشكنینی كار (پشكنەرانی كار) هەن كە ئەم لیژنانە جگە لە كارمەندانی ووزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی، ئەندامانی سەندیكای كرێكاران و ژوورەكانی بازرگانی تێدایە كە لایەنی پەیوەندیدارن بە دۆسیەی كارو كرێكار و خاوەنكار. ئەمە جگە لە هەبوونی بەشی تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی كە لەڕێگای لیژنەكانی (پشكنەرانی سەلامەتی و تەندروستی) و هاوشانی لیژنەكانی پشكنینی كار سەردان و پشكنین بۆ شوێنی كارو پرۆژەكان ئەنجام دەدەن بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێكردنی یاساو ڕێنماییەكان و پاراستنی مافی كرێكاران. ژمارەی لیژنەكان و توانای ئەندامەكانیان و پاڵپشتی لۆجیستی بۆ كارەكانی ئەم لیژنانە سنوردارە بەجۆرێك كە ناتوانن سەردان و چاودێریەكی چڕی ژیانی كرێكارانی بیانی لە هەرێمی كوردستان بكەن. ئەمە جگە لەوەی ڕێكارەكانی بەدواداچوون و دۆكیومێنتكردنی كارەكانیان بەپێی پێویست یەكنەخراوە و بە دیجیتاڵی نەكراوە.

لەسەر ئاستی ووزارەتی ناوخۆ هەریەكە لە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی تاوانە ڕێكخراوەكان (لەناویشیاندا تاوانی بازرگانیكردن بە مرۆڤ) كە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ناوخۆیە و هەروەها بەڕێوەبەرایەتی كاروباری نشینگە كە سەربە بەڕێوەبەرایەتی گەشت و ڵاتنامەی گشتیە دامەزراوەی حكومی پەیوەندیدارن بۆ كاركردن لەسەر دۆسیەی كرێكارانی بیانی. جگە لەوەی لیژنەی تایبەت بە نەهێشتنی بازرگانیكردن بە مرۆڤ هەیە و بەدواداچوون بۆ ژیانی كرێكارانی بیانی دەكەن لەحاڵەتی بازرگانی پێوەكردنیان، لیژنەی هەماهەنگی باڵا دروستكراوە كە نوێنەری ووزارەتە جیاوازەكان و فەرمانگەی بەدواداچون و هەماهەنگی لە ئەنجومەنی وەزیرانی تێدایە بۆ پێداچوونەوە و چاودێریكردنی بازاڕی كارو پاراستنی مافی كرێكاران و جێبەجێكردنی ئەو ڕێنماییانەی كە تایبەتن بە هێنانی دەستی كاری بیانی و ڕێكخستنی مانەوە و كاركردنی كرێكارانی بیانی.

دەستەی سەربەخۆی مافەكانی مرۆڤ لایەنێكی تری فەرمی پەیوەندیدارە بەدۆسیەی كرێكارانی بیانی كە لە ڕێگای نوسینگەكانیەوە لە شار و شارۆچكەكانی هەرێمی كوردستان كار لەسەر دۆسیەی مافەكانی مرۆڤ بە گشتی دەكات، لەناویشیاندا بەدواداچوون و پاراستنی مافی كرێكارانی بیانی. هەرچەندە دەستەكە داتاو ئامار و ڕاپۆرتی ساڵانەی نیە دەربارەی كرێكارانی بیانی، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٥ ڕاپۆرتێكی تێر و تەسەلی دەربارەی كرێكارانی بیانی بڵاوكردۆتەوە كە تیشكی خستۆتە سەر دیمۆگرافیای كرێكارانی بیانی و ڕەوشی ژیان و گوزەرانیان لە هەرێمی كوردستان.

---

٥ تۆڕی هەواڵی عێراقی. ٢٠٢٣


https://www.ina.iq/kurd/--٤٤١٨٧.html

لە ڕووی دامەزراوەی دادوەریەوە، دادگاکانی کار لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لایەنێکی تری پەیوەندیدارن بە کەیسی کرێکارانی بیانی. دادگاکانی کار وەك هەر کەیسێکی تری پەیوەست بە کارو کرێکارەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو کەیسانەی کرێکارانی بیانیش دەکەن کە دەگەنە دادگاکان. بەهۆی نەبوون یان کەمی خزمەتگوزاری وەرگێڕان لە دادگاکان و هاتنی بەشێك لە کرێکارانی بیانی بە ڕێگای نایاسایی، کرێکارانی بیانی کەمجار دەتوانن سوود لە خزمەتگوزاری دادگاکانی کار وەربگرن. بۆ ئەم مەبەستەش هیچ داتا و ئامارێکی وورد و دروست بەردەست نیە کە نیشانی بدات ساڵانە چەند کەیسی کرێکارانی بیانی دەگەنە دادگاکانی هەرێمی کوردستان و چۆن یەکلایی دەکرێنەوە. ئەمە جگە لەوەی کە هیچ ناوەندێکی تایبەتمەند نیە لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ چارەکردنی ناکۆکی تایبەت بە کەیسی کرێکارانی بیانی پێش ئەوەی بگەنە دادگاکان.

## ٤. میکانیزمەکانی هاتن و گەڕانەوەی کرێکارانی بیانی:

بەپێی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان و لەپێناومسۆگەرکردن و پاراستنی مافەکانیان، دەبێت کرێکارانی بیانی لە ڕێگای یاداشتی لێك تێگەیشتنی نێوان هەردوو وولاتی ڕەسەن و خانەخوێوە یان لە ڕێگای بریکاری فەرمیەوە هاتووچۆیان ڕێك بخرێت، سەرەڕای ئەوەی کە ڕێنمایی ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠١٥ لە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، ڕێکاری فەرمی دیاریکردووە بۆ چۆنیەتی هێنانی دەستی کاری بیانی، بەڵام زیاتر لە ڕێگایەک و لە ناویشیاندا ڕێگای نایاسایی هەیە بۆ هێنان و هاتنی کرێکاری بیانی بۆ هەرێمی کوردستان.

ووزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان وەك دامەزراوەیەکی ڕەسمی حکومی بەرپرسی سەرەکیە لە ڕێکخستن و ئیدارەدانی بەشێکی زۆری ئەو کرێکارە بیانیانەی کە دێنە هەرێمی کوردستان. زۆرینەی کرێکارانی بیانی، بەدیاریکراویش کرێکاری پرۆژەکانی وەبەرهێنان و گەشتوگوزاری و خزمەتکارانی پاککەرەوە و کرێکارانی ناوماڵان لەڕێگای کۆمپانیاکانی هێنانی دەستی کاری بیانیەوە دەگەنە هەرێمی کوردستان کە مۆڵەت لە ووزارەتی کار وەردەگرن. بە پێی داتاکانی ووزارەتی کار، ٤٦٩٣ کرێکاری بیانی لە سێ چارەکی یەکەمی ٢٠٢٣ لە ڕێگای ووزارەتەکەوە هاتونەتە هەرێمی کوردستان.




جگە لەو کرێکارانەی کە بەڕێگای کۆمپانیاکانی هێنانی دەستی کاری بیانی و لەژێر چاودێری ووزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیەوە دەگەنە هەرێمی کوردستان، بەشێکی تری کرێکارانی بیانی لەڕێگای ووزارەتی ناوخۆ و بە ڤیزای سەردان دێنە هەرێمی کوردستان، ئەمانەش بەزۆری ئەو کرێکارانە دەگرێتەوە کە پسپۆڕن لە بوارێکی دیاریکراو و زۆرجار بەهۆی پێویستی خێرایی کۆمپانیا گەورەکان یاخوود کۆمپانیاکانی بواری نەوت دەبێت لە ماوەیەکی کورتدا بگەنە هەرێم بۆ ئەنجامدانی کارێک. هەربۆیەش وەزارەتی ناوخۆ لە ڕێگای پێدانی ڤیزاوە ڕێگا دەدات ئەم کرێکارانە زوو بتوانن بگەنە هەرێم و دەست بە کارەکانیان بکەن. ئەگەرچی پێشتر جۆرێك لە کەلێن هەبووە لە پرۆسەی هاتنی ئەو کرێکارانەی کە بەڕێگای ووزارەتی ناوخۆ دەهاتن و ڕێگای خۆش دەکرد بۆ قۆرخکردن و پێشێلکردنی مافی ئەو کرێکارانە،[٦] بەڵام لە ئێستادا پرۆسەی پێشکەش کردنی داواکاری ڤیزا کراوە بەئۆنلاین و دەرفەتی قۆرخکردنی تێدا سنوردارکراوە.

هەندێک جار کرێکاری بیانی بە ڕێگای نایاسایی دەگەنە هەرێمی کوردستان. ئەم جۆرە کرێکارانە زیاتر ئەو کرێکارانە دەگرێتەوە کە هەڵگری ڕەگەزنامەی وولاتانی دراوسێن، بەتایبەتیش ئێرانی و تورکی کە بەهۆی هاوسنوریان لەگەڵ هەرێمی کوردستان

٦ ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی. ٢٠١٨. پەیدا کردنی نان لەودیو سنور: ڕەوشی ژیانی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان .
file:///Users/macbook/Downloads/JS١٩_UPR٣٤_IRQ_E_Annexe٣-٢.pdf

دەتوانن خاڵە سنورییەکان ببڕن و بە نایاسایی بگەنە ناو هەرێمی کوردستان. جگە لەمانە، وادیارە هاوڵاتیانیووڵاتانی تری بیانیش بەڕێگای نایاسایی هەوڵی پەڕینەوە لە سنورەکان دەدەن. لەکاتێکدا ئەم کەسانە بەڕەسمی نایەنە ناو هەرێم، بۆیە ئەگەری زۆرە یان لەکاتی پەڕینەوە لەخاڵە سنوریەکان یان لەهەر کاتێکدا لەناوخاکی هەرێم دەستگیربکرێن و ڕووبەڕووی سزای یاسایی بکرێنەوە. نمونەی ئەم جۆرە کەیسانەش بریتین لە دەستگیرکردنی ١٦ هاوڵاتی پاکستانی لە سنوری دەربەندیخان لە ٢٧ی ئایاری ٢٠٢٣ کە بەپێی ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانیەکان لە خاکی ئێرانەوە هاتوونەتە ناو هەرێمی کوردستان. [٧]
دەزگای ئاسایشی هەرێم-سلێمانی لە ڕاگەیندراوێکی ڕۆژنامەوانیدا بڵاویان کردەوە کە لە ١٦ی تەممووزی ٢٠٢٣ هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی دەزگای ئاسایش توانیویانە ٦٤ کۆچبەری بیانی و شەش قاچاخچی و ڕێبەر دەستگیربکەن کە دەیانویست بەشێوەیەکی نایاسایی سنورەکان ببەزێنن و بێنە ناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە.[٨] هەروەها ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانیەکان لە ٢٠ی ئابی ٢٠٢٣ ئەوەیان بڵاوکردەوە کە لە سنوری دەربەندیخان ١٤ کۆچبەری ئەفغانی دەستگیرکران کە لەلایەن قاچاخچیەوە لە ئێرانەوە هێنرابوون و لەوێ بەجێ هێڵرابوون.

لەکاتێکدا کرێکارانی بیانی و کۆچبەر تەنها بە یەك ڕێگا ناگەنە هەرێمی کوردستان و تەنها یەك دام و دەزگای دیاریکراویش چاودێری و سەرپەرشتی پرۆسەی هاتن و چوونەوەیان ناکات، بۆیە کێشە لە ڕێکخستن و ئیدارەدانی کەیسی کرێکارانی بیانی هەیە. بۆ نمونە، هاتنی کرێکارانی بیانی بەنایاسایی بۆناو خاکی هەرێم ڕێگە خۆش دەکات بۆئەوەی کرێکاران تووشی پێشلکردنی مافەکانیان بنەوە. لە حاڵەتێکدا ئەگەر تووشی هەر کێشەیەک بن لەگەڵ خاوەنکار، ئەوە لەڕووی یاساییەوە پاڵپشتیەکی بەهێزی یاساییان نابێت تا لەو ڕێگەیەوە داوای مافەکانیان لە خاوەنکار بکەنەوە، چونکە ئەوان لە بنەڕەتدا بە نایاسایی هاتوون، ئەوەش وادەکات زۆرجار لەلایەن خاوەنکارەوە مافەکانیان پێشێل بکرێت.

هەروەك چۆن میکانیزمی جیاواز هەیە بۆ هاتنی کرێکارانی بیانی، ئاواش یەك میکانیزمی دیاریکراونیە بۆ گەڕانەوەی کرێکارانی بیانی. هەرچەندە یاساو ڕێنماییەکان ڕێوشوێنی گەڕانەوەی کرێکارانی بیانیان دیاریکردووە و پاش تەواو بوونی ماوەی یاسایی مانەوەیان یان دەبێت هەرێمی کوردستان بەجێ بهێڵن یان مۆڵەتی مانەوەیان نوێ بکەنەوە، بەڵام لەهەندێك باردا کرێکارانی بیانی مۆڵەتی نشینگەیان بەسەردەچێ و دەکەونە بارودۆخێکی نایاساییەوە, هەر ئەمەش ڕێگا خۆش دەکات بۆ ئەوەی کرێکارانی بیانی تووشی چەندین پێشێلکاری بنەوە. ئەگەرچی لێرەو لەوێ ئەو کرێکارانەی کە بارودۆخی نایاساییان هەیە دەستگیردەکرێن، بەڵام بە ئێستاشەوە ڕوون نیە کە تاچەند پرۆسەی بەزۆرناردنەوەیان جێ بەجێ دەکرێت و چۆن حکومەتی هەرێمی کوردستان مامەڵە لەگەڵ تێچووی بەزۆر ناردنەوەیان دەکات.

## ٥. پێشێلکاریەکان و میکانیزمەکانی ڕیپۆرتکردنی پێشێلکاریەکان

بۆشایی یاسایی، لاوازی میکانیزمەکانی چاودێریکردن و بەدوداچوون بۆ مافی کرێکارانی بیانی، نزمی ئاستی هوشیاری خوودی کرێکارانی بیانی زۆرجار دەرفەتی ڕەخساندووە کە کرێکاران تووشی چەندین جۆری پێشێلکاری بنەوە. هەرچەندە دام و دەزگا حکومیەکان، سەندیکاکانی کرێکاران، و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیش چەندین میکانیزم و دەستپێشخەریان هەیە بۆ هوشیارکردنەوە، ڕێگریکردن، پاراستن و بەدواداچوونی مافی ئەم کرێکارانە، بەڵام هێشتاش ئەم هەوڵانە نەیانتوانیوە بە پێی پێویست ئاست و جۆری پێشێلکاریەکان سنورداربکەن. هێشتاش کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان تووشی پێشێلکاریەکانی وەك نەبوونی گرێبەستی کار و کەمو کوڕیەکانی بواری گرێبەست، نەبوونی سەلامەتی ژینگەی کار، نەدان و دواخستنی کرێی کار و زیاد کارپێکردن،جیاوازی کلتوری و پێشێلکردنی مافە کەسیەکان، بازرگانی کردن پێوەکردن، نەبوونی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، توندوتیژی سێکسی، و دەستبەسەرداگرتنی دۆکیومێنت دەبنەوە.

ئەگەرچی تێڕوانینی جیاواز لەسەر چەندایەتی و چۆنایەتی پێشێلکاریەکان هەیە، بەڵام ڕوونە کە هەندێك لە کرێکارانی بیانی زیاتر لەوانی تر لاوزترن و زیاتر توشی پێشێلکاری دەبنەوە. کرێکارانی بیانی خزمەتکاری ماڵان کە لە ڕەگەزی مێن لە زۆر

٧ زەمەن پرێس. ٢٠٢٣
https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=٦٥٣٦٢

٨ ڕووداو. ٢٠٢٣
https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/١٨٠٧٢٠٢٣٣٠

باردا لاوازترین جۆری ئەو کرێکارانەن. هەندێك لەم کرێکارانە جگە لەوەی لە وولاتانی خۆیان و لە ڕێگای کۆمپانیاکانی دەستی کاری بیانیەوە بازرگانیان پێوەکراوە و بەناوی وولاتی تر و بۆ ئەنجامدانی کاری تر گەیەندراونەتە هەرێمی کوردستان، تەنانەت پێش گەیشتنیان بەو ماڵەی کە بڕیارە وەك خزمەتکار کاری تێدابکەن تووشی پێشێلکاری دەبنەوە و شوێنی مانەوە و حەوانەوەی گونجاویان بۆ دابین ناکرێت. کە دەگەنە ئەو ماڵەی کاریشی تێدا ئەنجام دەدەن زۆرجار بەدواداچونیان بۆ ناکرێت، یاخود میکانیزم و ڕێکارەکان بەپێی پێویست کاریگەرنین بۆ گەیشتن بەم جۆرە کرێکارانە بۆ ئەوەی بزانرێت تا چەند مافەکانیان پارێزراوە. بۆیەش ڕەوشی ئەم کرێکارانە و ژیانیان لەژێر ڕەحمەتی خوودی کەسایەتی خاوەن ماڵە کە تاچەند بەتەنگەوە چون و هاوسۆزی هەیە بۆ کرێکارەکە، بەو واتایەی کە ئەگەر خاوەن ماڵ کەسێکی باش نەبێت، ئەوا کرێکاری بیانی لەناو مالان توشی چەندین جۆری پێشێلکاری وەك کارپێکردنی بەزۆر، دەستدرێژی سێکسی، لێدان و هەڕەشە لێکردن، زەوتکردنی پاسپۆرت و دۆکیومێنتی کەسی، و جیاکاری و ڕێگریکردن لە مومارەسەری بیروباوەڕی ئاینی و کلتوری...هتد.

هەرچی پەیوەندی بە کرێکارانی پڕۆژە و کۆمپانیاکانەوە هەیە بەشێکیان تووشی ئەو جۆرە پێشێلکاریانە دەبنەوە کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا، بەڵام ڕەنگە خراپترینیان نەبوونی ژینگەی کارکردنی سەلامەت بێ، بە تایبەتی لە سێکتەرەکانی وەك پیشەسازی، بیناسازی، خزمەتگوزاری کە لەهەندێ باردا دەبێتە هۆی گیان لەدەستدانی کرێکاران. بەپێی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی تایبەت بە سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی و هەروەها داتا و ئامارەکانی سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان و ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانیەکان[9] سالانە دەیان کرێکار لە شوێنی کارەکانیان گیان لەدەست دەدەن و سەدانیشیان برینددار دەبن کە بەشێکی بەرچاویان کرێکاری بیانین.

هەرچی پەیوەستە بە میکانیزمەکانی ڕیپۆرتکردن و بەدواداچوونی پێشێلکاریەکان، وا دەردەکەوێت کە هێشتا کاری زۆرماوە بکرێت بۆ ڕیپۆرتکردن و دەست گەیشتن بە هەموو ئەو پێشێلکاریانەی کە تووشی کرێکارانی بیانی دەبنەوە. یەکێك لەو میکانیزمانەی کە بەردەستە بۆ بەدواداچوونی مافەکانی کرێکاران و کرێکارانی بیانیش دەتوانن سوودی لێ ببینن بۆ ڕاپۆرتدان و سکالاکردن لەسەر ئەو کێشە و پێشێلکاریانەی کە تووشیان دەبێت بریتیە لە هەبوونی هێڵێکی گەرم بە ژمارە (٥٥٠٠). تا ئێستا نازانرێت کە تاچەند کرێکارانی بیانی سوودمەندبوون لەم خزمەتگوزاریە، بەڵام وادیارە کەمی هوشیاری دەربارەی ئەم هێڵە گەرمە لەلایەن خودی کرێکارانەوە و کێشەی زمان دوو لەو بەربەستانەن کە ڕەنگە کرێکاران نەیانتوانیبێت سوودی لێ ببینن. ئەو سکالایانەی کە بەڕێگای هێڵی گەرم یان لیژنەکانی پشکینی کار و تەندروستی و سەلامەتی یان بەهەر ڕێگایەکی تر بگات بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارودەستەبەری کۆمەڵایەتی، لیژنەی تایبەت پێك دەهێنرێت و دادگاکانی کار لە پارێزگاکانی هەرێم بەپشت بەستن بە یاساو ڕێنماییە بەرکارەکانی هەرێم کەیسەکان یەکلایی دەکەنەوە. ئەمە جگە لە ڕیپۆرتکردن و بەدواداچوونی لیژنەکانی تایبەت بە نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ کە بەدواداچوون بۆ ژیانی کرێکارانی بیانی دەکەن لەحاڵەتی بازرگانی پێوەکردنیان. ڕاپۆرتێکی نوسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان ئەوە نیشان دەدات کە ١٠٨ هاوڵاتی بیانی لە ساڵی ٢٠٢٢ قوربانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ بوونە لە هەرێمی کوردستان کە ١٧یان گەڕێندراونەتەوە وولاتی خۆیان.[10]

جگە لەو لایەنانەی کە لەسەرەوە باسکران، ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکانی کۆمەڵی مەدەنی شێوازو میکانیزمی تایبەت بە خۆیان هەیە بۆ چاودێریکردن و بەدواداچوونی کەیسی پێشێلکاریەکان کە دژ بە کرێکارانی بیانی ئەنجام دەدرێت لە پڕۆژەکان و ناومالان. گرنگترین میکانیزمێک کە ڕێکخراوەکان بەکاری دەهێنن بریتیە لە بەکارهێنانی بڵاوکراوە لە شوێنە گشتی و تایبەتیەکان

9 ڕۆژ نیوز. ٢٠٢٣

https://rojnews.news/?p=٤١٥٦٥٠&fbclid=IwAR٣uVvCojUlt٨٩aRu

10 نوسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان. ٢٠٢٣

https://govkrd.b-cdn.net/OtherEntities/Office٢٠%of٢٠%the٢٠%Coordinator٢٠%for٢٠%International٢٠%Advocacy/Kurdish/Publications/Reports/%٢٠%.٣٠/٢٠٢٣D%٨B%١D%٨A%٧D%٩BE%DB%٨٦%D%٨B%١D%٨AA%DB%٨C%٢٠%D%٨B%٣D%٨A%٧DA%B%٥DB%٨C%٢٠%DB%٨C%DB%%٩٥DA%A%٩DB%٩٥%D%٨٥%٩DB%٨C%٢٠%D%٨AC%DB%٨E%D%٨A%٨DB%٩٥%D%٨AC%DB%٨E%DA%A%٩D%٨B%١D%٨AF%D%٨٦%٩DB%٨C٢٠%%D%٩BE%D%٨٤%٩D%٨A%٧D%٨٦%٩DB%٨C%٢٠%D%٨٧%٩DB%٩٥%D%٨B%١DB%٨E%D%٨٥%٩DB%٨C%٢٠%DA%A%٩D%٨٨%٩D%٨B%١D%٨AF-%D%٨B%٣D%٨AA%D%٨A%٧D%٢٠%٨٦%٩D%٨A%٨DB%٢٠%٨٦%D%٨٥%٩D%٨A%٧D%٨١%٩DB%٩٥%DA%A%٩D%٨A%٧D%٨٦%٩DB%٨C٢٠%%D%٨٥%٩D%٨B%١DB%٨٦%DA%A٤.pdf

کە زانیاری پێویستیان تێدایە سەبارەت بە چۆنیەتی گەیشتن بە سەرچاوەکانی هاوکاری و فریاکەوتن. ئەمە سەرباری ئەوەی کە ئەم ڕێکخراوانە بەردەوام لەڕێگای کەناڵە میدیاییەکان و سۆشیاڵ میدیاوە هەوڵی گەیشتن بە کرێکارانی بیانی دەدەن نەک تەنها بۆ بەهاناوە چونیان لە کاتی ڕووبەڕوو بونەوەی هەرجۆرە پێشێلکاریەک، بەڵکو بۆ هوشیارکردنەوەشیان سەبارەت بە مافەکانیان پێش ڕوودانی هەر حاڵەتێک. لە هەمان کاتدا، ڕێکخراوەکان لەڕێگای ئەو چالاکیانەی ئەنجامی دەدەن لەشێوەی کۆڕ و سیمینار و گفتوگۆی کراوە، لەزۆربارردا هەوڵی دروستکردنی پەیوەندی دەدەن لەگەڵ کرێکاران بەمەبەستی ئاگاداربوون لە ڕەوشی ژیان و گوزەرانیان.

## ٦. ئازادی کاری سەندیکایی و ڕێکخراوەیی بۆ کرێکارانی بیانی

لەهەرێمی کوردستان بە ئێستاشەوە سەندیکا و یەکێتی سەندیکاکانی کرێکاران کار بە یاسای عێراقی ژمارە (٥٢) ساڵی ١٩٨٧ دەکەن. بە پێی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان، کرێکارانی بیانی ڕێگا پێنەدراون بۆ دامەزراندنی کۆمەڵە و سەندیکا و ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان. سەرباری ئەوەی کە کرێکارانی بیانی مافی ئەندامێتیان هەیە لە سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان، بەڵام مافی ئەندامێتی تەواو نیە، بەتایبەتی لەو ڕووەوەی کە ناتوانن پۆستی باڵای ناو سەندیکاکان وەربگرن و ببنە نوێنەری سەندیکاکانی کرێکاران(کادر نقابي) لە شوێنی کار. لەناو هەیکەلیەتی یەکێتی گشتی سەندیکاکانی هەرێمی کوردستان کە لە ٨ سەندیکای جیاواز پێك دێت هیچ بەشێک یان لیژنەیەکی تایبەت بە کرێکارانی بیانی بوونی نیە. بە ئێستاشەوە هیچ داتا و ئامارێك بەردەست نیە بۆ نیشاندانی ئەندامێتی کرێکارانی بیانی لە سەندیکاکانی کرێکاران.

بێ بەشکردنی مافی دروستکردنی سەندیکای کرێکاران لە لایەن خودی کرێکارانی بیانی خۆیانەوە وایکردووە کە لایەنە پەیوەندیدارەکان زۆرجار دابڕاوبن لە کرێکارانی بیانی. ئەمەش ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر پیشێلکردن و داواکردنی مافەکانیان. ئەمە لەکاتێکدایە کە ڕیککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان ئەم مافەیان بۆ کرێکارانی بیانی زامنکردووە. سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان هەرچەندە لایەنێکی گرنگی داکۆکیکاری پاراستنی مافەکانی کرێکارانی بیانین، بەڵام وادیارە توانای کارو چالاکیەکانیان سنوردارە بەهۆی کێشەکانی وەك کەمی توانای مرۆیی و پاڵپشتی لۆجیستی و ڕاگەیاندنەوە. ئەمە لەکاتێکدایە سەندیکاکانی کرێکاران ئەندامن لە بەشێك لەو لیژنە حکومیانەی کە بە فەرمی ڕێگەپێدراون سەردان و پشکنین بۆ شوێنەکانی کار ئەنجام بدەن.

ڕێکخراوە ناحکومیەکانی بواری کرێکاران و کرێکارانی بیانیش لایەنێکی تری گرنگن بۆ داکۆکیکردن و پاراستنی مافی کرێکارانی بیانی. جیاوازی نێوان سەندیکاکانی کرێکاران و ڕێکخراوی ناحکومی بواری کرێکاران بەگشتی و کرێکارانی بیانی بە تایبەتی پەیوەستە بابەتی نوێنەرایەتیکردن و ڕادەی کاریگەری سەندیکاکانەوە. ئەمەش پەیوەندی بەو پێگە فەرمیەوە هەیە کە سەندیکاکان هەیانە بۆ داکۆکیکردن لە چینی کرێکاران و ڕێکخراوە ناحکومیەکان نیانە، نمونەی ئەمەش ڕەنگە ئەو پاڵپشتیە یاساییانە بێت کە ڕێگا بە سەندیکاکان دەدرێت وەك نوێنەری فەرمی کرێکاران لە نزیکەوە سەردان و چاودێری شوێنی کاربکەن بۆ ئاگاداربوون لە بارودۆخی کرێکاران، بەڵام ڕێکخراوە ناحکومیەکان ڕێگا پێ نەدراون بۆ وەها کارێك.

لە هەرێمی کوردستان نزیکەی پێنج هەزار ڕێکخراوی ناحکومی لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان تۆمارکراوە[11] ، بەڵام دیار نیە کە چەند لەم ڕێکخراوانە لە بواری کرێکاران و کرێکارانی بیانی کاردەکەن. ژینگەی کارو بارودۆخی ژیانی کرێکاران (بە کرێکارانی بیانیشەوە) لە هەرێمی کوردستان بەجۆرێکە کە نەك تەنها پێویستی بە کاراکردنی سەندیکاکانی کرێکاران هەیە، بەڵکو پێویست دەکات چەندین ڕێکخراوی بواری کرێکاران هەبن بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی کرێکاران. ئەمەش لەو ڕاستیەوە سەرچاوە دەگرێت کە ڕێکخراوەکانی بواری کرێکاران دەتوانن چەندین ڕۆڵی جیاواز بگێڕن.

ڕێکخراوە ناحکومیەکانی بواری کرێکاران و کرێکارانی بیانی دەتوانن ڕۆڵی گرنگ بگێڕن لە باشکردنی چوارچێوەی یاسایی بۆ کاری سەندیکاکان و مسۆگەرکردنی مافەکانی کرێکاران لە ڕێگای بەشداریکردن لە دارشتنی پرۆژە یاسای گونجاو و هەڵمەتەکانی

١١ فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی هەرێمی کوردستان. ٢٠٢٣
https://gov.krd/dmi-en/activities/news-and-press-releases/٢٠٢٣/february/kurdistan-region-is-a-great-environment-for-ngo-activities/

پاڵپشتیکردن بۆ جێگیرکردنی مافی کرێکاران و ئازادی کاری سەندیکاکانیان. ڕێکخراوەکان دەتوانن لایەنێکی چاودێری گرنگ بن بۆ بەدواداچوونی ڕەوشی پێشێلکاریە یاساییەکان دژ بە کرێکارانی بیانی و ئازادی دامەزراندن و ئەندامێتیان لە سەندیکاکانی کرێکاران. هەروەها ڕێکخراوەکان ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی مافەکانی کرێکاران و کاری سەندیکاکانی کرێکاران لەڕێگای کۆڕ و کۆنفرانس و وۆرکشۆپ و بەکارهێنانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن. ئەمە جگە لەوەی کە ڕێکخراوە ناحکومیەکانی بواری کرێکاران دەتوانن لەڕێگای ئامادەکردنی ڕاپۆرت و وەرەقەی سیاسی (Policy paper)یەوە دەست بخەنە سەر کێشە و گرفتەکانی بواری کرێکارانی بیانی و پێشنیار و ڕاسپاردەکانیان بخەنە ڕوو. سەرباری هەموو ئەوانە، ڕێکخراوە ناحکومیەکان دەتوانن ڕۆڵی ئەرێنیان هەبێت لە بونیادنانی توانای سەندیکاکانی کرێکاران و ئەندامەکانیان تا چالاکانە داکۆکی لە مافی کرێکاران بکەن. لەهەمووی گرنگتر، ڕێکخراوە ناحکومیەکان دەتوانن لە ڕێگای تۆڕبەندی و هاوپەیمانیەتیەوە پردی پەیوەندی بن لەنێوان ئەو کەس و لایەنانەی کە گرنگی بە بواری کرێکارانی بیانی و ئازادی کاری سەندیکایی دەدەن بۆ کرێکارانی بیانی.

## ٧. کرێکارانی بیانی و بازاڕی کار

بەشداری و کاریگەری کرێکارانی بیانی لە بازاڕی کار و گەشەی ئابوری لە هەرێمی کوردستان دەبێت بەپێی پۆلێنکردنی کرێکارانی بیانی و سێکتەری کارکردنیان لێکدانەوەی بۆ بکرێت. بۆ نمونە، ئەو کرێکارانەی کە لە ماڵەکان وەك خزمەتکار کاردەکەن و زۆرینەی ژمارەی کرێکارانی بیانی پێك دەهێنن ڕەنگە کاریگەری ئەرێنی و ڕاستەوخۆیان لەسەر گەشەی ئابوری هەرێم نەبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە هۆکارێکن بۆ بردنە دەرەوەی ئەو بڕە پارەیەی کە وەك موچەی مانگانە وەری دەگرن(ئەگەر بڕەکە کەمیش بێت) و دەینێرن بۆ خانەوادەکانیان لەو وڵاتانەی کە لێوەی هاتوون. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەم جۆرە کرێکارانە کەمترین خەرجیان هەیە بە حوکمی ئەوەی کە ئەوان لەناو ماڵەکان دەژین وپێداویستیە بەردەوام و سەرەکیەکانی وەك خواردن و خواردنەوە، شوێنی مانەوەو بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و بەشێك لە پێداویستیەکانی تری ژیانیان لە ئەستۆی خاوەن ماڵە. ڕۆڵی ئەرێنی ئەم جۆرە کرێکارانە زیاتر لەو ڕووەوەیە کە تێکڕای گشتیان لە ڕەگەزی مێن و دەبنە هۆی زیادبوونی بەشداری ئافرەتانی هەرێمی کوردستان لەبازاڕی کار و ئەندامانی ئەو خانەوادانەی کە نەخۆش یان کەسانی بەساڵاچوویان هەیە و پێویستی بەردەوامیان بە چاودێرێك هەیە.

بەشێکی تر لەو کرێکارە بیانیانەی دێنە هەرێمی کوردستان، کرێکارانی پرۆژەکانن کە لە سێکتەرەکانی وەبەرهێنان و کۆمپانیاکانی پاککردنەوە و سێکتەری خزمەتگوزاری چێشتخانە و کافێکان کاردەکەن، زۆرینەی ئەم کرێکارانە کرێکاری ناکارامەن. هەرچەندە ئەم کرێکارانە مووچەی مانگانەشیان سنورداربێت، بەشێکی زۆری موچەکەیان ڕەوانەی وڵاتانی خۆیان دەکەنەوە و بەشێکی کەمی لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان خەرج دەکەن، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە لەزۆربەیاردا ئەم جۆرە کرێکارانە بە کۆمەڵ لە خانوویەك یان شوقەیەك دەژین. کاریگەری ئەرێنی ئەم جۆرە کرێکارە بیانیانە لە گەشەی ئابوری هەرێم زۆرجار وا لێك دەدرێتەوە کە بە هەق دەستێکی کەم ئەو جۆرە کارانە دەکەن کە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان نایکەن. ئەمە لە کاتێکدایە زۆرجار ئەو تێگەیشتنەش هەیە کە ئەم جۆرە کرێکارانە بوونەتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی بێکاری لەناو هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان و تەنانەت بەشێکیان شەوانە کاری دەستی سەرجادەکان دەکەن.

هەر لەچوارچێوەی کرێکارانی پرۆژەکان ژمارەیەك لە کەسانی بیانی هەیە لە سێکتەرەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا، تەندروستی، ڕاگەیاندن، هونەری، وەرزشی،و شوێنەکانی جوانکاری کاردەکەن کە زیاتر وەك کرێکاری لێزان و کارامە هەژماردەکرێن. داتا و ئاماری وورد و دروست نیە دەربارەی ئەوەی کە ئەم جۆرە کارمەندانە ڕێژەی چەندی هێزی کاری هەرێم پێك دەهێنن و بەشداریان لە گەشەی ئابوری هەرێم چۆنە، بەتایبەتی لەو ڕووەوەی کە نازانرێت تاچەند ئەم جۆرە کارمەندانە لەسەر بنەمای پسوڕی دەگمەن هاتوون یان هێنراونەتە هەرێمی کوردستان، هەروەك ئەوەی کە ناشزانرێت تاچەند ئەم کارمەندە بیانیانە بەشدارن لەپەرەپێدانی توانا و پسوڕی کارمەندانی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان. موچەی مانگانەی ئەم جۆرە کارمەندانە تاڕادەیەك موچەیەکی شایستەترە بەبەراورد بە کرێکارانی خزمەتگوزاری ناو ماڵەکان و کرێکارانی کۆماپانیاکانی پاککەرەوە. ئەگەرچی بەشێکی زۆری ئەم کرێکارانەش پارەکانیان دەبەنەوە ئەو وڵاتانەی کە لێوەی هاتوون، بەڵام ڕێژەیەکی دیاریکراوی موچەی مانگانەکەیان هەر لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان خەرج دەکەنەوە لەبەرئەوەی شێوازی ژیانیان تاڕادەیەك هاوشێوەی شێوازی ژیانی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانە لە ڕووی خەرجی و دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەیەیان.

جۆرێکی تری کرێکارانی بیانی کارمەندانی کۆمپانیاکانی نەوت و کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردن و ئەو پرۆژە زەبەلاحانەن کە پێویستیان بە کرێکاری لێزان و کارامە هەیە و لەهەرێمی کوردستان دەگمەنن یاخوود نین. بەهۆی فراوانبوونی بازاڕی کاری نێودەوڵەتی و گەشە و جوڵەی خێرای کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکان لە دەیەی ڕابردوو لە عێراق و هەرێمی کوردستان، ژمارەیەکی دیاریکراو لەم جۆرە کرێکارانە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان، بەڵام نازانرێت بە دروستی ژمارەیان چەندە. مووچەی مانگانە یاخوود حەقدەستی کاری ئەم جۆرە کرێکارانە پێدەچێ بڕێکی زۆربێ، ئەمە سەرباری ئەوەی کە نازانرێت کۆی گشتی ئەو بڕە پارەیە چەندە کە لەڕێگای ئەم کرێکارانەوە دەچێتە دەرەوەی هەرێم. بەشداری ئەرێنی ئەم کرێکارانە لە گەشەی ئابوری هەرێمی کوردستان پەیوەستە بەوەی کە تاچەند ئەم کەسانە یارمەتیدەری کرێکارانی ناوخۆیین لەپەرەپێدانی ئەو توانا و پسپۆڕیانەی کە لە هەرێمی کوردستان نین.

بەشێکی تر لە کەسانی بیانی وەك کارمەندی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن. فراوانبوونی سێکتەری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بۆخۆی یەکێکە لەسەرچاوەکانی زیادبوونی داهات و گەشەی ئابوری لە هەرێم. هەرچەندە بەشێك لەداهاتی ئەم ڕێکخراوانە لە ڕێگای کارمەندە بیانیەکانیانەوە دەچێتە دەرەوەی هەرێم، بەڵام ووجودی کارمەندە بیانیەکان ڕۆڵی ئەرێنی هەیە لە بەرەوپێش بردنی سێکتەری کۆمەڵی مەدەنی و توانادارکردنی کارمەند و کرێکارانی ناوخۆیی لەم سێکتەرە. ئەمە جگە لەوەی بەشێك لە ڕێکخراوەکان و کارمەندە بیانیەکانیان بەشداری ئەرێنیان هەیە لەبەرەو پێشچوونی ڕەوشی مافەکان بەگشتی و مافی کرێکاران (بە کرێکارانی بیانیشەوە). داتا و ئاماری وورد و دروست بەردەست نیە بۆ نیشاندانی ڕێژە و بەشداری ئەم کارمەند و کرێکارانە لە سێکتەری کۆمەڵی مەدەنی، بەڵام ئەوە دەزانرێت کە مووچەی مانگانە یاخوود حەقدەستی کاری ئەم کارمەندانە بڕە پارەیەکی باشەو بە پێی یاسا و ڕێنماییەکانی هەرێمی کوردستان بەشێکی وەك باجی مووچەی کەسی(Personal Income Tax) دەدرێت بە حکومەتی هەرێم.

## ٨. وێنەی گشتی و بەرهەمهێنانی مەعریفەی تایبەت بە کرێکارانی بیانی:

کۆمەڵگا و هاوڵاتیان چ جۆرە تێڕوانینێکیان هەیە دەربارەی کرێکارانی بیانی تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بەوەی کە چۆن زانیاری و مەعریفەی دروست دەربارەی کرێکانی بیانی بەرهەم دەهێنرێت و بڵاودەکرێتەوە. ئەمەش پەیوەندیدارە بەوەی کە تاچەند دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دامەزراوەکانی وەك زانکۆ و ناوەندەکانی توێژینەوە و توێژەران لەلایەك گرنگی بە کرێکارانی بیانی دەدەن و لەلایەکی تریشەوە تاچەند بە میتۆدی گونجاو زانیاری و مەعریفەی دروست بەرهەم دێن و بەکەناڵی کاریگەر بڵاوی دەکەنەوە.

بەگشتی مامەڵەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنوسان دەربارەی دۆسیەی کرێکارانی بیانی لەسەر بنەمای ستراتیج و پلان و بەرنامەی بەردەوام نیە، بەڵکو زیاتر مامەڵەکردنێکی ووروژێنەرانەیە لەسەر بنەمای ڕووداوەکان. بە واتایەکی تر، دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنوسان ئەوکاتانە گرنگی بەم دۆسیەیە دەدەن کە ڕووداوێکی دیاریکراو ڕوودەدات یاخوود بۆنە و چالاکیەکی تایبەت بە کرێکارانی بیانی لەئارادابێت. بەپێی زانیاری و بەدواداچونەکانی تیمەکانی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی لەماوەی ساڵی ٢٠٢٣ هیچ دەزگایەکی ڕاگەیاندنی بینراو، بیستراو و نوسراو نەبووە کە پرۆگرامی بەردەوامی تایبەتی هەبوبێت لەسەر دۆسیەی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان.
ئەمە جگە لەوەی ئەو دەزگا ودامەزراوانەی کە پەیوەندیدارن بەبواری کرێکارانی بیانی میدیای تایبەت و کاریگەری خۆیان نیە. بۆ نمونە، بەشی ڕاگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی جگە لە وێبسایتێك، پەڕەیەکیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان هەیە و لە تازەترین هەنگاویش کەناڵێکی یوتوبیان کردۆتەوە کە کارو چالاکیەکانی دامەزراوەکە بڵاودەکاتەوە . سەندیکاکانی کرێکارانیش بە هەمان شێوە جگە لە پەڕەی سەندیکا لە فەیس بووك دەزگایەکی تری میدیاییان نیە کە باس لە ڕەهەندەکانی کرێکارانی بیانی بکەن. ئەمە جگە لەوەی هیچ لەم دامەزراوانە ڕاپۆرتی تێر و تەسەلی تایبەتیان نیە بە دۆسیەی کرێکارانی بیانی کە ساڵانە بڵاوبکرێتەوە و ڕای گشتی لێ ئاگاداربێت.
هەرچی پەیوەندی بە زانکۆ و ناوەندەکانی توێژینەوە و توێژەرانەوە هەیە، وا دەردەکەوێت کە بەپێی پێویس ت توێژینەوە و گەڕان و بەدواداچوونی زانستی دەربارەی کرێکارانی بیانی ئەنجام نەدراوە. جگە لە چەند توێژینەوەیەکی کەم، هێشتا ئەدەبیاتی کەڵەکەبووی مەعریفی دەربارەی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان ئەدەبیاتێکی هەژارە. ئەگەر لێرە و لەوێ توێژینەوەی ئەکادیمی ئەنجام درابن، بەپێی پێویست سوودیان لێ وەرنەگیراوە و نەکراون بە بنەمای دیبەیت و

گفتوگۆی تێرو تەسەل لەپێناو باشترکردنی سیاسەت و یاساو ڕێسا و ڕێکارەکانی پاراستنی مافی کرێکارانی بیانی.
بەسەرنجدان لە ناونیشان و ناوەڕۆکی ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانیەکان و بەرنامەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و توێژینەوەکان دەردەکەوێت کە دوو جۆر گووتار دەربارەی کرێکاری بیانی لەئارادایە ئەوانیش: (١) نیشاندانی وێنەیەکی ناشرین و نەرێنی کرێکارانی بیانی کە بارگرانین بەسەر کۆمەڵگای کوردستانی و بازاڕی کارو کەمکردنەوەی دەرفەتی کار بۆ هاوڵاتیانی هەرێم کە زیاتر هاوڵاتیانی ئاسایی و کرێکاران پشتگیری دەکەن، (٢) نیشاندانی وێنەیەکی باش و ئەرێنی دەربارەی کرێکارانی بیانی کە زیاتر بەشێك لەو خاوەنکارانە پشتگیری دەکەن کە تەرکیزیان لای حەقدەستی کەم و قازانجی زۆرترە، هەروەها بەشێك لەو هاوڵاتیانەش کە تێڕوانینێکی مرۆڤدۆستانە و بەزەییانەیان هەیە بەرانبەر کرێکارانی بیانی.

## ٩. ڕاسپاردە و پێشنیار:

- پابەندیەکانی هەرێمی کوردستان بە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان پەیوەستە بە پابەندی دەوڵەتی عێراق بەو ڕێککەوتننامانەوە، بۆیە گرنگە کار لەسەر ئەوە بکرێت کە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق تەسدیقی ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی ژمارە ١٥٨/٤٥ی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بکات کە ساڵی ١٩٩٠ دەریکردووە و تایبەتە بە کرێکارانی بیانی و ئەندامانی خێزانەکانیان، چونکە نیشاندانی پابەندبوون بەم ڕێککەوتننامەیە ڕێگا خۆش دەکات بۆ باشترکردنی چوارچێوەی یاساو ڕێنماییەکانی تایبەت بە پاراستنی مافی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان.

- پێویستە سیاسەت، یاسا، و ڕێنماییەکان بەجۆرێك دابڕێژرێنەوە کە مافی کرێکارانی بیانی مسۆگەر بکات بەجۆرێك کە کەمترین لێکدانەوەی جیاواز هەڵبگرن و لەگەڵ پێوەر و ستانداردە نێودەوڵەتیەکان بگونجێن.

- لەکاتێکدا حکومەتی هەرێم پێشتر پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ ٢٠٢١-٢٠٢٥ پەسەند کردووەو یەکەمین ڕاپۆرتی جێبەجێکردن و بەرەوپێشچوونی پلانەکەش بە بڕیاری ١٩٤ی ئەنجومەنی وەزیران لە ٢٠٢٣\١١\١٥ پەسەند کراوە، جەخت لە هەماهەنگی و بەدواداچوون کراوەتەوە بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆك و بڕگەکانی ڕاپۆرتەکە، لەم چوارچێوەیەشدا گرنگیدانی زیاترپێویستە بە ئاڕاستەی ڕێکخستنەوەی بازاڕی کار و سوود وەرگرتن لە توانای هێزی کاری بیانی بەپێی پێداویستی و پسپۆڕیە دەگمەنەکان کە لەخزمەت گەشەی ئابوری هەرێمی کوردستان و پاراستنی مافی کرێکارانی بیانی بێت.

- لە ڕابردوودا هەوڵێك هەبوو بۆ ئەنجامدانی ڕووپێویەکی تایبەت بەو کرێکارە بیانیانەی کە لە سێکتەرە جیاوازەکان لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن. گرنگە پەلە بکرێت لە ئەنجامدانی ئەم کارەو دروستکردنی داتابەیسێکی تایبەت و گشتگیر بە کرێکارانی بیانی کە دەکرێت ببێتە سەرچاوەی زانیاری ڕاست و دروست دەربارەی ئەم کرێکارانە و داڕشتنی پلانی تایبەت بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیان و پاراستنی مافەکانیان.

- سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان پێویستە کاری جدی لەسەر ڕەوشی ژیانی کرێکارانی بیانی بکەن لە هەرێمی کوردستان و هاوشێوەی کرێکارانی ناوخۆ گرنگیان پێ بدەن، گرنگە جەخت لەسەر مافی ئەندامێتی تەواوی کرێکارانی بیانی لەسەندیکاکانی کرێکاران بکرێتەوە تا ڕادەی دامەزراندنی سەندیکای تایبەت بەم کرێکارانە. لە مەودای نزیکدا دەکرێت لیژنەیەک یان بەشێکی تایبەت بە کرێکارانی بیانی لە یەکێتی سەندیکاکان دروست بکرێت. ئەمە جگە لەوەی کە سەندیکاکانی کرێکاران گرنگە پەیوەندی بەهێز دروست بکەن لەگەڵ سەندیکاکانی کرێکارانی ئەو وولاتانەی کە کرێکارانی بیانی لێوە هاتوون لە پێناو پاراستنی مافی ئەو کرێکارانە.

- کاربکرێت بۆ هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگا دەربارەی مافی کرێکارانی بیانی و ڕەواندنەوەی هەر تێڕوانینێکی نەرێنی کە هانی جیاکاری بدات لە نێوان کرێکاری ناوخۆ و بیانی.

- چڕکردنەوەی ڕێکارەکانی پشکنین و بەدواداچوون بۆ ڕەوشی ژیانی کرێکاری بیانی لە پێناو پاراستن و مسۆگەرکردنی

مافەکانیــان.

- هەوڵەکانی هوشیارکردنەوەی کرێکارانی بیانی زیادبکرێن دەربارەی ماف و بەرپرسیاریەتیە یاساییەکانیان و ئاشناکردنیان بە میکانیزم و ڕێکارەکانی ڕیپۆرتکردنی کەیسی پێشێلکاریەکان.

- ڕێکخستنەوەی ڕێوشوێنەکانی هاتنی کرێکاری بیانی لەڕێگای ڤیزای سەردان یان قاچاغ بەجۆرێک ببێتە هۆی پاراستنی مافی کرێکاری بیانی.

- دروستکردنی تۆڕێک لەو ڕێکخراوانەی کە لە بواری کرێکاری بیانی کار دەکەن.

- میدیا و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەجۆرێك گرنگی بە دۆسیەی کرێکارانی بیانی بدەن کە ببێتە سەرچاوەی هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگا و یارمەتیدانی داڕێژەرانی سیاسەت بە ئاڕاستەی پاراستنی مافی کرێکارانی بیانی.

- گرنگە پڕۆژەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەلایەن توێژەران و ناوەندە ئەکادیمیەکان زیادبکرێن لە پێناو بەرهەمهێنانی زانیاری و مەعریفەی دروست و پشت پێ بەستراو کە ببنە بناغەی داڕشتنی سیاسەت و پلانی تایبەت بە پاراستنی مافی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان.

# تقرير

# أوضاع العمال في العراق وإقليم كردستان 2023


منظمة السلام والحرية
رێکخراوی ئاشتی و ئازادی
PFO
Peace and Freedom Organization

009647707600575
pfo@pfo-ku.org
www.pfo-ku.org